له بڵاو كراوەكانی ماڵپەڕی بەهەشت

# تـــەفسیری قـورئـــان
# بـــە
# تێگەیشتنی پێشینان

## ( سوورەتی فاتیحە )

ئامادە كردنی

**م. عوبێد موحەممەد ئەمین**

**پێش نوێژو ووتـار خوێنی مزگەوتـی ( مُجَمَّعُ الفَلاَحِي ) لــە چەمچەماڵ**

---

ماڵپەری بەهەشت

ba8.org

ماڵپەرێكی ئیسلامی زانستی پەروەردەیی یە و لەپێناو بڵاوكردنەوەی ئەو ئیسلامەیە كە سەلەفی صالح - پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) و هاوەڵانی (رضي الله عنهم) لەسەری بوون - وە سەر بە هیچ گروپ و لایەنێكی حیزبی نیە.

## ماڵپەری بەهەشت

**ئەو کتێب و بابەت و لێکۆڵینەوە شەرعیانە بڵاو دەکاتەوە کە دەبنە هۆی:**

١. شارەزاکردنی موسوڵمانان و پەروەردەکردنیان لەسەر ڕێگا ڕاستەکەی ئیسلام، ئەمەش دەستەبەر دەبێ بە گەڕانەوە بۆ پەیڕەوە ڕەسەنەکەی ئیسلام،کە بریتی یە لە قورئان و سوننەت،بە تێگەشتنی پێشین وپێشەوایانی ئوممەت.

٢. پاک کردنەوەی بیروباوەڕ و ڕەوشتی موسوڵمانان، لە دیاردەکانی شیرک و کوفر و تاوان.

٣. پاڵاوتن و تەصفیەکردنی ئاینی ئیسلام لە بیدعە و بۆچونە داهێنراوەکان.

٤. وریا کردنەوەی موسوڵمانان لە شوێنەواری خراپی ڕیوایەتە لاواز و هەڵبەستراوەکان.

٥. پتەو کردنی برایەتی یەکی ڕاستەقینە لەسەر بناغە فراوانە جێگیرەکەی ئیسلام و نەهێشتن و کەمکردنەوەی دەمارگیری مەزهەبی و حیزبی.

**ئامانجمان:**

ئاشناکردنی کۆمەڵگایە لە ئیسلامی ڕەسەن و دروستکردنی تاك و کۆیەتی بۆ تێگەشتن لە سەرچاوەکانی کە بریتین لە قورئانی پیرۆز و سوننەتی صەحیح و ئاشکراکردنی ئەو شتانەی کە نامۆن بە ئیسلام و خراونەتە نێویەوە بە چەندین دەستەواژەی دەنگ و ڕەنگ و نوسراوی لە بوارەکانی بیروباوەڕ و ڕەوشت و ئاکار و پەروەردە و زانست و پزیشکی و گەشەی کۆمەڵایەتی.

**خودایە داوات لێ دەکەین دامەزراومان بکەیت ، وتەوفیقمان بدەیت بۆ هەر کار وگوفتارێکی جوان وچاك بەو شێوەیەی کەخۆت لێی ڕازیت.**

**ستافی ماڵپەڕی بەهەشت**

بسم الله الرحمن الرحيم

# پێشەکی

إِنَّ الحَمْدَ للهِ، نَحْمَدُهُ وَنَسْتَعِيْنُهُ وَنَسْتَغْفِرُهُ، وَنَعُوْذُ بِاللهِ مِن شُرُوْرِ أَنْفُسِنَا، وَمِنْ سَيِّئَاتِ أَعْمَالِنَا مَنْ يَهْدِهِ اللهُ فَلا مُضِلَّ لَهُ وَمَنْ يُضْلِلْ فَلا هَادِيَ لَهُ.

وَأَشْهَدُ أَنْ لا إِلَهَ إِلاّ اللهُ، وَحْدَهُ لا شَرِيْكَ لَهُ، وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّداً عَبْدُهُ وَرَسُوْلُهُ.

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِۦ وَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنتُم مُّسۡلِمُونَ ﴾[سورة آل عمران: ١٠٢] .

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱتَّقُواْ رَبَّكُمُ ٱلَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفۡسٖ وَٰحِدَةٖ وَخَلَقَ مِنۡهَا زَوۡجَهَا وَبَثَّ مِنۡهُمَا رِجَالٗا كَثِيرٗا وَنِسَآءٗۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ ٱلَّذِي تَسَآءَلُونَ بِهِۦ وَٱلۡأَرۡحَامَۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلَيۡكُمۡ رَقِيبٗا ﴾ [سورة النساء: ١] .

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَقُولُواْ قَوۡلٗا سَدِيدٗا ٧٠ يُصۡلِحۡ لَكُمۡ أَعۡمَٰلَكُمۡ وَيَغۡفِرۡ لَكُمۡ ذُنُوبَكُمۡۗ وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ فَقَدۡ فَازَ فَوۡزًا عَظِيمًا ﴾ [سورة الأحزاب: ٧٠ - ٧١] .

أَمَّا بَعْدُ: فَإِنَّ أَصْدَقَ الحَدِيْثِ كِتَابُ اللهِ وَخَيْرَ الهَدْيِ هَدْيُ مُحَمَّدٍ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وَسَلَّمَ) وَشَرَّ الأُمُوْرِ مُحْدَثَاتُهَا وَكُلَّ مُحْدَثَةٍ بِدْعَةٌ وَكُلَّ بِدْعَةٍ ضَلالَةٌ وَكُلَّ ضَلالَةٍ فِي النَّارِ.

بێ گومان شارەزابوون لە قورئانی پیرۆز، کە فەرمایشتی خوای پەروەردگارە، هەروەها زانینی واتاو تەفسیرەکەی، بە شێوەیەکی ڕاستو دروست، واجبێکە لەسەر شانی هەموو ئادەمیزادێکی باوەڕدار، بەڵام هەر کەسەو بەپێی تواناو مەجالی خۆی.

لەبەر ئەوە ئێمەش بە پێویستمان زانی، کە بە یارمەتی خوای پەروەردگار، بەپێی توانا لە خزمەتی فەرمایشتە جوانەکانیدا بین‌و شارەزایی پەیدا بکەین لەبارەیەوە، بە ئومێدو هیوای ئەوەی، کە خوای گەورە، بە قورئانەکەی دڵەکانمان ڕووناك بکاتەوە.

بێ گومان شارەزا بوون لە تەفسیری قورئانی پیرۆز، یەکێکە لە نازو نیعمەتو فەزڵە زۆر گەورەکانی خوای گەورەو میهرەبان، بەسەر بەندە باوەڕدارەکانیەوە.

زانایان (ڕەحمەتی خوایان لێبێت) دەگێڕنەوە، کە: (تَفَكَّرَ أَحَدُ السَّلَفِ مَرَّةً فِي مَثَلٍ مِنْ أَمثَالِ القُرآنِ فَلَمْ يَتَبَيَّنْ لَهُ مَعنَاهُ فَجَعَلَ يَبكِي، فَسُئِلَ مَا يُبكِيكَ ؟ فَقَالَ: إِنَّ اللهَ عَزَّ وَجَلَّ يَقُولُ: ﴿ وَتِلْكَ ٱلْأَمْثَـٰلُ نَضْرِبُهَا لِلنَّاسِ ۖ وَمَا

يَعۡقِلُهَآ إِلَّا ٱلۡعَـٰلِمُونَ ﴿٤٣﴾﴾[١] وَأَنَا لَمْ أَعقِلِ الْمَثَلَ، فَلَستُ بِعَالِمٍ، فَأَبكِي عَلَى ضِيَاعِ العِلمِ مِنِّي)[٢].

واتە: جارێکیان یەکێك لە زانایانی سەلەف (ڕەحمەتی خوای لێبێت) بیری لە نموونەیەك لە نموونەکانی قورئانی پیرۆز کردەوە، بەڵام بەتەواوی بۆ ڕوون نەبووەوەو بەباشی لێی تێنەگەیشت، دەستی کرد بە گریان، پێی ووترا: ئەوە بۆچی دەگریت؟

فەرمووی: خوای گەورە دەفەرموویت: ئەم نموونانە لە قورئانی پیرۆزدا دەهێنینەوە بۆ خەڵکی، بەڵام هیچ کەسێك لێی تێناگات، تەنها کەسانی زانا نەبێت.

منیش لەم نموونەیەی قورئان تێنەگەیشتم، کەواتە من زانا نیم، لەبەر ئەوەش دەگریم، چونکە من عیلمو زانیارییەکی زۆرم لە دەست چووە.

---

[١] سُورَةُ (العَنكَبُوت) الآيَة: (٤٣).

[٢] (ظَاهِرَةُ ضَعفِ الإِيمَان) (٢٦/١) (مَوسُوعَةُ فِقهُ الإِبتِلَاء) (٩٢/٣) (مَعَالِمٌ تَربَوِيَّة) (٤١/١).

خۆزگایە ئێمەی ئیمان لاوازیش نیو ئەوەندە هەولْمان بدایەو خەمی ئەوەمان بوایە، کە لە قورئانە پیرۆزەکەی خوای پەروەردگار شارەزا ببوینایەو لێی تێبگەیشتینایە.

جا هەر کەسێك خوای پەروەردگار فەزڵی بەسەریدا ڕژاندو شارەزای کرد لە تەفسیری قورئانی پیرۆز، ئەوە پێویستە لەسەری، کە سوپاسی پەروەردگاری بکات، لەسەر بەخشینی ئەم نازو نیعمەتە گەورەیە.

خوێنەری بەڕێز، ئەم پەرتووکە بچووکەی، کە لە بەردەستی ئێوەی خوێنەری بەڕێزدایە، بریتییە لە تەفسیری سوورەتی پیرۆزی فاتیحە.

گەر خوای گەورەو میهرەبان یارمەتیمان بدات، ئەوە (إِنشَاءَ الله) بەم نزیکانە، بەشی یەکەمی تەفسیری سوورەتی (البَقَرَة)ش دەخەینە بەر دەستی ئێوەی بەڕێزو خۆشەویست، کە بریتییە لە تەفسیری جزمی یەکەمی ئەم سوورەتە پیرۆزە، کە (١٤١) ئایەتە، شێوازی تەفسیرەکەشی هەمان شێوازی تەفسیری سوورەتی پیرۆزی فاتیحە دەبێت (إِنشَاءَ الله).

جا، گەر پێکابێتم ئەوە بێ گومان تەنها لە فەزڵ‌و میهرەبانی خوای پەروەردگارەوەیەو ئازایەتی‌و زیرەکی ئێمەی تێدا نییە، گەر هەڵەشم کردبێت‌و نەشم پێکابێت، ئەوە بێ گومان تەنها لەلایەن نەفسی خۆم‌و شەیتانەوەیە، خوای گەورەو پێغەمبەرە خۆشەویستەکەی (ﷺ) لێی بەرین.

هاوەڵی خۆشەویست (عُمَر)ی کوڕی (الْخَطَّاب)[١] (ڕەزای خوای لێبێت) دەفەرمووێت: (رَحِمَ اللهُ مَنْ أَهدى إِلَينا عُيُوبَنَا)[٢].

واتە: ڕەحمەتی خوای گەورە لەو کەسە بێت, کە هەڵەکانمان بە دیاری بۆ دەنێرێت.

دە تۆیش ئەی موسوڵمانی بەڕێزو خۆشەویست, ئەم ووتە جوانەی ئەم هاوەڵە خۆشەویستە، بکە بە بەرنامەی ژیانی ڕۆژانەت‌و لەبیری مەکەو بەجۆرێك جێبەجێی بکە، کە پێت خۆشبێت خەڵکی هەڵەکانت بۆ ڕاست بکەنەوەو ئامۆژگاری خێرو چاکەت بکەن‌و شانازیشی پێوە بکە، چونکە بێ گومان ڕاست کردنەوەی هەڵەکانت, لە بەرژەوەندی تۆ دایە.

---

[١] لە ساڵی (٢٣)ی کۆچیدا بە دەستی (أَبُولُؤلُؤة)ی مەجوسی شەهید کرا (ڕەزای خوای لێبێت).

[٢] (صَيدُ الْخَاطِر) (٥٣/١).

ئیمامی (مِسْعَر)ی کوڕی (کِدَامٍ)[1] (ڕەحمەتی خوای لێبێت) دەفەرمووێت: (رَحِمَ اللَّهُ مَنْ أَهْدَى إِلَيَّ عُيُوبِي فِي سِرٍّ بَيْنِي وَبَيْنَهُ، فَإِنَّ النَّصِيحَةَ فِي الْمَلَأِ تَقْرِيعٌ)[2].

واتە: ڕەحمەتی خوا لەو کەسە بێت, کە کەمو کورڕێکانم بەدیاری بۆ دەنێرێت, بەڵام بەشێوەیەکی نهێنی لە نێوان خۆمو خۆیدا، چونکە بە ڕاستی ئامۆژگاری کردن لە ناو خەڵکیدا, بریندار کردنو شکاندنەوەی ئەو کەسەیە, کە ئامۆژگاری دەکرێت.

خوشكو برای بەڕێزو خۆشەویستم تەماشاکەن، ئاینی پیرۆزی ئیسلام چەندە ئاینێکی پاكو پیرۆزەو کەسانی چۆن دروست دەکاتو بە چ شێوەیەك پەروەردەیان دەکاتو پێیان دەگەیەنێت؟

جا هەر دڵسۆزێك, هەڵەیەکی لێمان بینی, با ئاگادارمان بکاتەوە, ئیتر بەنامە بێت, یا لە ڕێگای پەیوەندی کردنەوە بێت، ئێمەش زۆر سوپاسی دەکەینو خوای گەورەش پاداشتی خێری بداتەوە.

---

[1] لە ساڵی (١٥٢)ی کۆچیدا لە شاری کوفە وەفاتی کردووە (ڕەحمەتی خوای پەروەردگاری لێبێت).

[2] (الآدَابُ الشَّرعِيَّة) (١/٣٦١).

باشترین ناوێکیش، کە هەڵمان بژاردبێتو شیاو بێت بۆ ناونانی ئەم تەفسیرە پیرۆزە بریتییە لەم ناوە:

(تەفسیری قورئان، بە تێگەیشتنی پێشینان).

چونکە ئێمە پێویستە لەسەرمان بۆ تێگەیشتنو تەفسیرکردنی قورئانی پیرۆز بگەڕێینەوە بۆ لای زانایانی پێشینان (السَّلَفُ الصَّالِح)، تا تووشی هەڵەو گومڕایی نەبینو تەفسیرەکەمان بە ویستی خوای پەروەردگار تەفسیرێکی ڕاستو دروست بێتو لەسەر سوننەت بێتو دووربێت لە بیدعەو گومڕایی.

مامۆستا. عوبێد موحەممەد ئەمین

پێش نوێژو ووتار خوێنی

مزگەوتی (مُجَمَّعُ الفَلَاحِي) لە قەزای چەمچەماڵ

ژ.م (٠٧٧٠١٩٤٠٢٧٢)

## فەزڵ و گەورەیی سوورەتی (الفَاتِحَة)

بێ گومان، گەر تەماشای کیتابی فەرموودەکان بکەین ئەو کاتە دەبینین، کە لە پێغەمبەری ئازیزو خۆشەویستەوە (ﷺ) کۆمەڵێك فەرموودەی ڕاستی زۆر هاتووەو ڕیوایەت کراوە، سەبارەت بە فەزڵ و گەورەیی ئەم سوورەتە پیرۆزو پڕ لە خێرو بەرەکەتە، بەڵام ئێمەش لەبەر زۆر درێژ نەبوونەوەی تەفسیرەکەمان، تەنها دوو فەرموودەیان باس دەکەین، کە ئەمانەن:

١ ـ هاوەڵی خۆشەویست (أَنَس)ی کوڕی (مَالِك)[١] (ڕەزای خوای لێبێت) دەفەرمووێت: {كَانَ النَّبِيُّ (ﷺ) فِي مَسِيرٍ، فَنَزَلَ فَمَشَى رَجُلٌ مِنْ أَصْحَابِهِ إِلَى جَانِبِهِ، فَالتَفَتَ إِلَيهِ فَقَالَ : «أَلاَ أُخْبِرُكَ بِأَفْضَلِ الْقُرآنِ؟» قَالَ: فَتَلاَ عَلَيْهِ {الْحَمْدُ لِلهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ}}[٢].

---

(١) لە ساڵی (٩٣)ی کۆچیدا لە پاریزگای بەسرە وەفاتی کردووە (ڕەزای خوای لێبێت).

(٢) حَدِيثٌ صَحِيحٌ: أَخْرَجَهُ الإِمَامُ ابن حِبَّانَ (رَحِمَهُ الله) فِي (صَحِيحِهِ) بِرَقَمِ (٧٧٤) وَقَالَ مُحَقِّقُهُ الشَّيخُ شُعَيْبُ الأَرْنَؤُوط: إِسنادُهُ صَحِيحٌ. وَالإِمَامُ الْحَاكِمُ (رَحِمَهُ الله) فِي (الْمُسْتَدْرَك) بِرَقَمِ (٢٠٥٦) وَقَالَ: هذا حَدِيثٌ صَحِيحٌ عَلَى شَرْطِ مُسْلِمٍ وَلَمْ يُخَرِّجَاهُ . وَصَحَّحَهُ إِمَامُنَا الأَلْبَانِيّ (رَحِمَهُ الله) فِي (سِلسِلَةِ الأَحَادِيثِ الصَّحِيحَة) بِرَقَمِ (١٤٩٩) وَ (صَحِيحِ التَّرْغِيبِ وَالتَّرْهِيبِ)

واتـە: پێغەمبــەری خـوا (ﷺ) بــە ڕێگـادا لــە ڕۆیشـتن‌و سـەفەردابوو، پاشان لـە جێگایەك لایدا، پیاوێك لـە هـاوەڵانی (ڕەزای خوای لێبێت) بـە تەنیشتیدا تێپەڕی، پێغەمبـەری خـواش (ﷺ) لای کـردەوە بــەلای ئـەو هاوەڵەی تەنیشتیداو پێی فەرموو: ئـایا هەواڵت پێ بـدەم بــەوەی، کــە گەورەترین سوورەت لـە قورئانی پیرۆزدا، کـام سـوورەتـەیـە؟

هــاوەڵی خۆشەویســت (أَنَس)ی کــوڕی (مَالِك) (ڕەزای خــوای لێبێــت) دەفـەرمووێت: پێغەمبــەری خـوا (ﷺ) {الْحَمدُ لله رَبِّ الْعَالَمِين}ی بــۆ خــوێنـایــەوە.

خوشـك‌و بــرای بــەڕێزم تەماشــاکەن پێغەمبــەری خۆشەویســت (ﷺ) چــەندە دڵسـۆزو بەوەفایــە بـۆ ئێمـەو فێـری هــەموو خێـرو چـاکەیەکمان دەکات‌و لە گەیاندن‌و فێرکردنی خێردا کەمتەرخەمی ناکات.

دڵنیـابن لــەوەی، کــە بەختــەوەری ئـادەمیزاد تــەنها لــە شـوێن کــەوتنی سوننەتی پێغەمبـەری خۆشەویستدایە (ﷺ) نەك لە شوێن کەوتنی ئەم‌و ئەودا.

---

بِرَقَم (١٤٥٤).

پێشەوای فەرموودەناس (ابْنُ حِبَّان)[1] (ڕەحمەتی خوای لێبێت) دەفەرمووێت: (أَرَادَ بِهِ: بِأَفْضَلِ الْقُرآنِ لَكَ، لَا أَنَّ بَعْضَ الْقُرآنِ يَكُونُ أَفْضَلَ مِنْ بَعْضٍ، لِأَنَّ كَلامَ اللهِ يَسْتَحِيلُ أَنْ يَكُونَ فِيهِ تَفَاوتُ التَّفَاضُلِ)[2].

واتە: پێغەمبەری خوا (ﷺ) مەبەستی بە گەورەترین سوورەت ئەوەیە: بە نیسبەتی تۆوە، کە بیخوێنیتو پاداشتی گەورەی لەسەر وەربگریت، نەك ئەوەی، کە فەرمایشتی خوای گەورە، جیاوازی هەیەو هەندێکی فەزڵی بەسەر هەندێکی تریدا هەیە، چونکە بێ گومان لە فەرمایشتی خوای پەروەردگاردا، بە هیچ شێوەیەك جیاوازی نییە بەوەی، کە هەندێکی فەزڵی بەسەر هەندێکی تریدا هەبێت.

بەڕاستی ئەم ووتە جوانەی ئەم زانا بەڕێزە، لەوپەڕی ڕێزو حورمەتدایە، بۆ فەرمایشتی خوای گەورە.

٢ - هاوەڵی خۆشەویست (أَبُو هُرَيرَة)[1] (ڕەزای خوای لێبێت) دەفەرمووێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە ئیمامی (أُبَيّ)ی کوڕی

---

(١) لە ساڵی (٢٧٢)ی کۆچیدا لە دایك بووە لە ساڵی (٣٥٤)ی کۆچیدا لەتەمەنی (٨٢) ساڵیدا وەفاتی کردووە (رَحِمَهُ الله).

(٢) (صَحيح ابن حِبَّان) (٥١/٣) فەرموودەی ژمارە (٧٧٤).

(كَعْبِ)[٢]ی (ڕەزای خـوای لێبێت) فـەرموو: { ...وَالَّذِى نَفْسِى بِيَدِهِ، مَا أُنْزِلَتْ فِي التَّوْرَاةِ ، وَلاَ فِي الإِنْجِيلِ وَلاَ فِي الزَّبُورِ وَلاَ فِي الْفُرْقَانِ، مِثْلُهَا، وَإِنَّهَا سَبْعٌ مِنَ الْمَثَانِي ، وَالْقُرْآنُ الْعَظِيمُ الَّذِى أُعْطِيتُهُ » }[٣].

واتە: سوێند بەو خوایەی، کە گیانی منی بەدەستە، هاوشێوەی ئەم سوورەتە نەهاتووەو دانەبەزیوە، نە لە تەوراتو نە لە ئینجیلو نە لە زەبوورو نە لە قورئاندا، بێ گومان ئەم سوورەتە ئەو حەوت ئایەتە پیرۆزەیە، کە زۆر دەخوێنرێتەوەو خوای پەروەردگار لەگەڵ قورئانی پیرۆزدا بە منی بەخشیوە.

ئەم دوو فەرموودە پیرۆزە بەڵگەن لەسەر فەزڵو گەورەیی ئەم سوورەتە پیرۆزە، بەڵام بەداخەوە کەسانێکی زۆر هەیە لەم ڕۆژەدا، کە ئەم

---

(١) لە ساڵی (٥٧ یا ٥٨ یا ٥٩)ی کۆچیدا لە تەمەنی (٧٨) ساڵیدا وەفاتی کردووە (ڕەزای خوای لێبێت).

(٢) لە ساڵی (٢٢)ی کۆچیدا وەفاتی کردووە (ڕەزای خوای لێبێت).

(٣) حَدِيثٌ صَحِيحٌ: أَخْرَجَهُ الإِمَامُ التِّرْمِذِي (رَحِمَهُ اللهُ) فِي (سُنَنِهِ) (٣١١٥) وَقَالَ: هَذَا حَدِيثٌ حَسَنٌ صَحِيحٌ. وَالإِمَامُ الْبَيْهَقِيّ (رَحِمَهُ اللهُ) فِي (سُنَنِهِ الْكُبْرى) (٣٧٦٩). وَالإِمَامُ الْبَغَوِيّ (رَحِمَهُ اللهُ) فِي (شَرْحِ السُّنةِ) (٢٨٩/١) وَقَالَ: هَذَا حَدِيثٌ صَحِيحٌ. وَصَحَّحَهُ إِمَامُنَا الأَلْبَانِي (رَحِمَهُ اللهُ) فِي (صَحِيحِ التَّرْغِيبِ) (١٤٥٣) وَ (صَحِيحِ الْجَامِعِ) (٥٨٠٦).

سوورەتە پیرۆزە بەشێوەیەکی شەرعی بەکاری ناهێنن و وادەزانن، کە ئەم سوورەتە پیرۆزە تەنها بۆ ناو تەعزیەو سەر قەبرسان دابەزیوە.

وَصَلَّى اللَّهُ عَلَى مُحَمَّدٍ خَاتَمِ النَّبِيِّينَ وَعَلَى جَمِيعِ الْأَنْبِيَاءِ وَالْمُرْسَلِينَ

## تەفسیری سوورەتی ( الفَاتِحَة )

﴿بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ ۝١﴾

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

﴿ٱلْحَمْدُ﴾ سوپاس و ستایشی بێ پایان ﴿لِلَّهِ﴾ بۆ زاتی پیرۆزی ئەو خوایەی، کە: ﴿رَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ۝٢﴾ پەروەردگاری هەموو جهانیانەو بە تەنها هێناویەتیە بوون.

﴿ٱلرَّحْمَٰنِ﴾ ئەم زاتە پاك و پیرۆزە، خوایەکی بەخشندەیەو نازو نیعمەتی خۆی بە هەموو دروست کراوەکانی دەبەخشێت.

﴿ٱلرَّحِيمِ ۝٣﴾ خوایەکی بە ڕەحم و میهرەبانە، لە بەرامبەر بەندە باوەڕدارەکانیدا.

﴿مَٰلِكِ يَوۡمِ ٱلدِّينِ ٤﴾ ئـەم زاتـە پـاكو پیـرۆزە، پادشـای ڕۆژی قیامـەتـە.

﴿إِيَّاكَ نَعۡبُدُ﴾ ئەی پەروەردگارمان، وەعدو پەیمانت پێ دەدەین بـەوەی، كـە بـە تەنها تـۆ دەپەرستینو هاوبـەشو شەریكت بـۆ بڕیار نادەین.

﴿وَإِيَّاكَ نَسۡتَعِينُ ٥﴾ هەروەها وەعدو پەیمانت پـێ دەدەیـن بـەوەی، كە بە تەنها داوای یارمەتی لـە تۆ دەكەین لە هەموو تەنگانەو ناخۆشـیو نارەحەتییەكدا.

﴿ ٱهۡدِنَا ٱلصِّرَٰطَ ٱلۡمُسۡتَقِيمَ ٦﴾ خوایە هیدایـەتمان بـدەو ڕێنموویمـان بكـە، بـۆ سەر ڕێگـای ڕاست، ﴿صِرَٰطَ ٱلَّذِينَ﴾ ڕێگـاو ڕێبـازی ئەوانـەی، كـە: ﴿أَنۡعَمۡتَ عَلَيۡهِمۡ﴾ نـازو نیعمـەتو فـەزڵی خۆتـت بـەسەریاندا ڕژانـدووە وەك: پێغەمبـەران (سەلامی خوایـان لەسـەر بێت) هـەروەها ڕاستگـۆیـانو پیاو چـاكـانو شـەهیدان، (ڕەزاو ڕەحمەتی خوایان لێبێت)، بـەڵام ﴿غَيۡرِ ٱلۡمَغۡضُوبِ عَلَيۡهِمۡ﴾ داوات لـێ دەكـەین، كـە نەمانخەیتـە سـەر ڕێگـاو ڕێبازی ئەو كەسانەی، كە غەزەبو خەشمی خۆتت بـەسەریاندا ڕژانـدووە

وەك: جوولـەكەكان. ﴿وَلَا ٱلضَّآلِّينَ ٧﴾ هەروەها نەمانخەیتە سەر ڕێگـاو ڕێبازی ئەو كەسانەشی، كە بـەهۆی تـاوانو خراپـەو سەركەشـێكانیانەوە، گومڕاو سەرلێ شێواوت كردوونە، وەك: گاورەكـان.

وَصَلَّى اللَّهُ عَلَى مُحَمَّدٍ خَاتَمِ النَّبِيِّينَ وَعَلَى جَمِيعِ الْأَنْبِيَاءِ وَالْمُرْسَلِينَ

**لـەم سوورەتە پیرۆزەوە چەند حوكمو سوودو بـەڵگەیەك وەردەگـرین لـەوانـە:**

## پێویستە لـەسەرمان سوپاسی پەروەردگارمان بكەین

١ - فەرموودەی خوای گەورە: ﴿ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِ﴾ بـەڵگەیە لـەسەر ئـەوەی، كە پێویستە لـەسەر هـەموو موسـوڵمانێك، لـە هـەموو كاتو ساتێكدا، سـوپاسو ستایشـی پـەروەردگاری بكـات، لەسـەر ئـەو هـەموو نـازو نیعمەتانـەی، كـە بـە سـەریدا ڕژانـدووە، لـە هەموویشـی گـەورەتر نـازو نیعمەتی ئیسلامو ئیمانە.

چونكە بێ گومان سوپاس كردنی خوای گەورەو میهرەبان بۆ زاتی پـاكو پیرۆزی خۆی، لــە ڕاسـتیدا هاندانێكـە بـۆ ئێمـەی موسـوڵمان، كــە بــە بـەردەوامی سوپاسو ستایشی ئەو زاتە پاكو پیرۆزو بێ شەریكە بكەینو لێی بێ ئاگا نەبین.

پێشەوای تەفسیر (أَبُو مُظَفَّر)ی (السَّمعَاني)[١] (ڕەحمەتی خوای لێبێت) دەفەرموویێت: ﴿ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِ﴾ لەم سوورەتەدا ئیحتیمالی دوو واتا دەکات:

**یەکەم:** ئەم سوپاس کردنی پەروەردگارە، بۆ زاتی پیرۆزی خۆی هەواڵدانێکە بۆ ئێمە.

**دووەم:** ئەم سوپاس کردنی پەروەردگارە، بۆ زاتی پیرۆزی خۆی، بۆ فێر کردنی ئێمەیە.

جا مەبەست بە هەواڵدان ئەوەیە، کە خوای گەورەو میهرەبان، بەم سوپاس کردنەی زاتی پیرۆزی خۆی، هەواڵمان پێ دەداتو دڵنیامان دەکاتەوە لەوەی، کە ئەو زاتەی، کە پێویستە سوپاسی بکرێت، تەنها زاتی پیرۆزی پەروەردگارەو هەموو سوپاسو ستایشێك تەنها شایستەی ئەوە.

(١) لە ساڵی (٤٢٦)ی کۆچیدا لەدایك بووە، لە ساڵی (٤٨٩)ی کۆچیدا لە تەمەنی (٦٣) ساڵیدا وەفاتی کردووە (ڕەحمەتی خوای لێبێت).

هەروەها مەبەست بە فێر کردن ئەوەیە کاتێك، کە خوای پەروەردگار سوپاس‌و ستایشی زاتی خۆی دەکات، ئەمەش بۆ ئەوەیە، کە بەندەکانی سوپاسی بکەن، پەروەردگار بەم سوپاس کردنە بەندەکانی فێری ئەوە دەکات، کە سوپاسی بکەن، کەواتە وەك ئەوە وایە، کە خوای گەورە بفەرموویێت: ئەی بەندەکانم بڵێن: سوپاس‌و ستایش بۆ خوا[١].

## پاداشتی سوپاس کردنی خوای پەروەردگار

فەرموودە لەم بارەوە زۆر هاتووە، بەڵام تەنها دوو فەرموودەیان باس دەکەین، کە ئەمانەن:

أ - هاوەڵی خۆشەویست (مُعَاذ)ی کوڕی (أَنَسُ الْجُهَنِيّ)[٢] (ڕەزای خوای لێبێت) دەفەرموویێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: {مَنْ أَكَلَ طَعَاماً ثُمَّ قَالَ الْحَمْدُ لِلَّهِ الَّذِى أَطْعَمَنِي هَذَا وَرَزَقْنِيهِ مِنْ غَيْرِ حَوْلٍ مِنِّي وَلاَ قُوَّةٍ، غَفَرَ اللَّهُ لَهُ مَا تَقَدَّمَ مِنْ ذَنْبِهِ}[٣].

---

(١) تەفسیری ئیمامی (أَبُو مُظَفَّر)ی (السَّمْعَانِي) (١/ ٣٥) (ڕەحمەتی خوای گەورەی لێبێت).

(٢) لە ساڵی (٦٤ یا ٦٥)ی کۆچیدا وەفاتی کردووە (ڕەحمەتی خوای لێبێت).

(٣) حَدِيثٌ صَحِيحٌ: أَخْرَجَهُ الإِمَامُ أَحْمَد (رَحِمَهُ الله) فِي (مُسْنَدِهِ) بِرَقَم (١٥٦٧٠). وَقَالَ مُحَقِّقُهُ الشَّيخُ شُعَيْبُ الأَرْنَؤُوط: إِسْنَادُهُ حَسَنٌ. وَالإِمَامُ التِّرْمِذِي (رَحِمَهُ الله) فِي (سُنَنِهِ) بِرَقَم (٣٧٩٢)

واتـە: هـەر کەسـێك خـواردنێکی خـواردو پاشـان ووتـی: (الْحَمْدُ لِلَّهِ الَّذِي أَطْعَمَنِي هَذَا وَرَزَقْنِيهِ مِنْ غَيْرِ حَوْلٍ مِنِّي وَلاَ قُوَّةٍ).

واتە: سوپاسو ستایش بۆ ئەو خوایەی، کە خواردنی بـە مـن بەخشـیو منی تێر کرد، بـە جۆرێك، کـە بـە فـەزڵو میهرەبـانی خـۆی ئـەم ڕزقو ڕۆزییەی بـە من بەخشی، بیٚ ئـەوەی تواناو دەسـەڵاتی مـنی تێـدا بێـت، ئەوە بێگومان خوای گەورە بـەهۆی ئـەم سـوپاس کردنـەوە، لــە هـەموو گوناهو تاوانە بچووکەکانی، پێشووی ئەو کەسە خۆش دەبێت.

ب - هاوەڵی خۆشەویسـت (أَنَس)ی کـوڕی (مَالِك) (ڕەزای خـوای لێبێـت) دەفـەرموویٚت: پێغەمبــەری خــوا (ﷺ) فــەرمووی: {إِنَّ اللَّهَ لَيَرْضَى عَنِ الْعَبْدِ، أَنْ يَأْكُلَ الأَكْلَةَ، فَيَحْمَدَهُ عَلَيْهَا، أَوْ يَشْرَبَ الشَّرْبَةَ فَيَحْمَدَهُ عَلَيْهَا}[1].

واتە: بیٚ گومان خوای گەورە لـە بـەندەی باوەڕداری خـۆی ڕازی دەبێـت کـاتێك، کـە ژەمیٚ نانی خواردو سوپاسو ستایشی خـوای گـەورەی کـرد

وقال: هَذَا حَدِيثٌ حَسَنٌ غَرِيبٌ. وَالإِمَامُ ابن مَاجَه (رَحِمَهُ الله) فِي (سُنَنِهِ) بِرَقَم (٣٤١٠). وَالإِمَامُ الْحَاكِمُ (رَحِمَهُ الله) فِي (الْمُسْتَدْرَك) بِرَقَم (٧٤٠٩) وَقَالَ: هذا حَدِيثٌ صَحِيحُ الإِسْنَادِ وَلَمْ يُخَرِّجَاهُ. وَحَسَّنَهُ إِمَامُنَا الأَلْبَانِي (رَحِمَهُ الله) في (صَحِيحِ التَّرْغِيبِ) بِرَقَم (٣١٦٥) وَ (صَحِيحِ سُنَنِ ابْن مَاجَه) (٢٦٥٦) وَ (صَحِيحِ سُنَنِ التِّرْمِذِي) (٢٠٤٢).

(١) حَدِيثٌ صَحِيحٌ: أَخْرَجَهُ الإِمَامُ مُسْلِمٍ (رَحِمَهُ الله) فِي (صَحِيحِهِ) بِرَقَم (٧١٠٨).

لەسەری، هەروەها خوای پەروەردگار لە بەندەی باوەڕداری خۆی ڕازی دەبێت کاتێك، کە ئاوی خواردەوەو سوپاسو ستایشی خوای گەورەی کرد لەسەری.

خوشكو برای خۆشەویستم تەماشاکەن سوپاس کردنی خوای پەروەردگار چ خێرو بەرەکەتێکە، دەی تۆش بە بەردەوامی سوپاسی پەروەردگارت بکە، تا لێت ڕازی ببێتو بەختەوەرو سەرفرازت بکات.

ئیمامی (بَكْر)ی کوڕی (عَبْدُ اللهِ)ی (الْمُزَنِيّ)[١] (ڕەحمەتی خوای گەورەی لێبێت) دەفەرمووێت: (يَا ابْنَ آدَمَ، إِنْ أَرَدْتَ أَنْ تَعْلَمَ قَدْرَ مَا أَنْعَمَ اللهُ عَلَيْكَ، فَغَمِّضْ عَيْنَيْكَ)[٢].

واتە: ئەی ئادەمیزاد، گەر دەتەوێت بزانیتو دڵنیا بیت لەوەی، کە ئەندازەو ژمارەی نازو نیعمەتەکانی خوای گەورەو میهرەبان، چەندە زۆرە بەسەرتەوە، ئەوە هەردوو چاوت دابخەو بیان نوقێنە.

---

[١] لە ساڵی (١٠٨)ی کۆچیدا وەفاتی کردووە (ڕەحمەتی خوای لێبێت).

[٢] أَخْرَجَهُ الإِمَامُ (الْبَيْهَقِيّ) (رَحِمَهُ اللَّه) فِي (شُعَبِ الإِيمَان) بِرقم (٤٤٦٥). وَالإِمَامُ (ابْنُ أَبِي الدُّنيَا) (رَحِمَهُ اللَّه) فِي (الشُّكْر) بِرقم (١٨٢).

گەر هەر کەسێك چاوەکانی دابخات، ئەو کاتە چاك دەزانێت، کە چاو چەندە نازو نیعمەتێکی گەورەیە.

## بەخشندەیی و میهرەبانی دوو ناوی پیرۆزی خوان

٢- فەرموودەی خوا: ﴿ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ ۝٣﴾ بەلگەیە لەسەر ئەوەی، کە ئەم دوو ناوە پیرۆزە: (الرَّحْمَن)و (الرَّحِيم)، دوو ناوی بەرزو بلٚندی خوای گەورەن.

پێشەوای تەفسیر (الضَّحَّاك)ی کوڕی (مُزَاحِم)[١] (ڕەحمەتی خوای لێبێت) دەفەرمووێت: (الرَّحْمَنِ: بِجَمِيعِ خَلْقِهِ، وَالرَّحِيمِ: بِالْمُؤْمِنِينَ خَاصَّةً)[٢].

واتە: خوا بەخشندەیە بە هەموو دروستکراوەکانی و نازو نیعمەتی خۆی بەسەر هەموویاندا دەڕژێنێت، بەلاٚم ڕەحمی خوای گەورە، تەنها بۆ باوەڕدارانە.

خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿...وَكَانَ بِٱلْمُؤْمِنِينَ رَحِيمًا ۝٤٣﴾[١].

---

(١) لە سالی (١٠٢یا ١٠٥یا ١٠٦)ی کۆچیدا، وەفاتی کردووە (ڕەحمەتی خوای لێبێت).

(٢) أَخْرَجَهُ الإِمَامُ (ابْنُ أَبِي حَاتِمٍ) (رَحِمَهُ اللَّه) فِي (تَفْسِيرِهِ) (١ / ٦) بِرَقَم (٢٠).

واتە: خـوای پـەروەردگار میهرەبـانو بـە ڕەحمـە، بـۆ بـەندە بـاوەڕدارەکـانی.

## جیاوازی نێوان (الرَّحْمَن) و (الرَّحِيم)

ئیمـامی (ابْنُ قُدَامَة)ی (الْمَقْدِسِيّ)[٢] (ڕەحمـەتی خـوای لێبێـت) دەفـەرمووێت: (فَالْفَرْقُ بَيْنَ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ أَنَّ الْأَوَّلَ بِاعْتِبَارِ كَوْنِ الرَّحْمَةِ وَصْفاً لَهُ،

وَالثَّانِي: بِاعْتِبَارِهَا فِعْلاً لَهُ يُوصِلُهَا مَنْ يَشَاءُ مِنْ خَلْقِهِ.

الرَّحِيمُ مِنْ أَسْمَاءِ اللهِ، وَلَيْسَتْ مُخْتَصَّةً، تُطْلَقُ عَلى

الْمَخْلُوقِ، تُطْلَقُ عَلَيْهِ وَعَلى غَيْرِهِ، وَلِهَذَا وُصِفَ النَّبِيُّ (ﷺ) بِأَنَّهُ رَحِيمٌ كَمَا قَالَ تَعَالَى: {لَقَدْ جَاءَكُمْ رَسُولٌ مِّنْ أَنفُسِكُمْ عَزِيزٌ عَلَيْهِ مَا عَنِتُّمْ حَرِيصٌ عَلَيْكُم بِالْمُؤْمِنِينَ رَؤُوفٌ رَّحِيمٌ}[٣].

---

(١) سُورَةُ (الأَحْزاب) الآية: (٤٣).

(٢) لە سـالی (٥٢٨)ی کۆچیدا لە دایك بووە، لە سالی (٦٠٧)ی کۆچیدا لە تەمەنی (٧٩) سالیدا وەفاتی کردووە (ڕەحمەتی خوای لێبێت).

(٣) سُورَةُ (التوبَة) الآيَة: (١٢٨).

هَـذا مِـنَ الْأَسْمَـاءِ الْمُشْـتَرَكَةِ: الـرَّحِيمُ وَالْعَزِيـزُ وَالْحَـيُّ وَالْعَلِـيُّ هَـذِهِ هَـذا مِـنَ الْأَسْمَـاءِ الْمُشْتَرَكَةِ)[١].

واتە: جیاوازی لە نێوان هەردوو ناوی پیرۆزی (الرَّحْمَن)و (الرَّحِيم) بەم شێوەیەیە:

(الرَّحْمَن) مانای ئەوە دەگەیەنێت، کە ڕەحمو بەخشندەیی سیفەتی خوای پەروەردگارەو وەسفی خوای گەورەو میهرەبانی پێ دەکرێت.

(الرَّحِيم) مانای ئەوە دەگەیەنێت، کە میهرەبانی کرداری خوای گەورەو میهرەبانەو دەیگەیەنێتو دەیبەخشێت بە هەر دروستکراوێکی خۆی، کە ویستی لەسەری بێت.

(الرَّحِيم) ناوی خوای پەروەردگارە، بەڵام ئەم ناوە پیرۆزە تایبەت نییە بە خوای گەورەوە، چونکە ئەم ناوو وەسفە بۆ پەروەردگارو غەیری پەروەردگاریش بەکار دێت، هەر لەبەر ئەمەشە، کە وەسفی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بەم سیفەتە کراوە، وەك خوای گەورەو میهرەبان دەفەرمووێت: بێ گومان بۆتان هاتووە، لە خۆتان پێغەمبەرێکی بەڕێز

---

(١) (شَرْحُ لُمْعَةِ الإِعْتِقَاد ـ لابْنِ قُدَامَةِ ـ (رَحِمَهُ اللَّهُ) (١/١٣).

(ﷺ) زۆر قورس و گرانە بەلایەوە، نارەحەتی و ناخۆشی ئێوە، زۆر سوورە لەسەر باوەڕ هێنانی ئێوە، بۆ باوەڕداران زۆر دڵسۆزو میهرەبان و بەرەحمە .

ئەم ناوانە: (الرَّحِيم)و (الْعَزِيز)و (الْحَيّ)و (الْعَلِيّ) تایبەت نین بە خوای پەروەردگارەوە، بەڵکو بۆ خوای گەورەو خەڵکیش بەکار دێن.

ئیمامی (مُحَمَد)ی کوڕی (صَالِح)ی (الْعُثَيْمِين)[١] (ڕەحمەتی خوای گەورەی لێبێت) دەفەرمووێت:

١ـ الرَّحْمَنُ اسْمٌ مِنَ الْأَسْمَاءِ المخْتَصَّةِ بِاللهِ عَزَّ وَجَلَ، لَا يُطْلَقُ عَلى غَيْرِهِ، وَالرَّحْمَنُ مَعْنَاهُ: الْمُتَّصِّفُ بِالرَّحْمَةِ الْوَاسِعَةِ.

٢ـ الرَّحِيمُ يُطْلَقُ عَلى اللهِ عَزَّ وَجَلَ وَعَلى غَيْرِهِ ، وَمَعْنَاهُ ذُو الرَّحْمَةِ الْواصِلَةِ[٢].

واتە: (الرَّحْمَن) ناوێکە لە ناوە پیرۆزەکانی خوای گەورەو تایبەتە بە خوای گەورەوە بۆ هیچ کەسێکی تر نابێت و جگە لە خوای پەروەردگار وەسفی

---

(١) لە سالی (١٣٤٧)ی کۆچیدا لە دایك بووە، لە سالی (١٤٢١)ی کۆچیدا لە تەمەنی (٧٤) سالیدا وەفاتی کردووە (ڕەحمەتی خوای لێبێت).

(٢) (الفَوائِدُ المسْتَفَادَةُ، مِنْ شَرْحِ ثَلاثَةِ الأُصُولِ) (١/ ١).

هیچ کەسێکی تری پێ ناکرێت، مەبەست بە (الرَّحْمَن) ئەوەیە، کە خوای گەورەو میهرەبان وەسف دەکرێت بەوەی، کە خاوەن ڕەحمێکی زۆر گەورەو فراوانە.

هاوەڵی خۆشەویست (أَبُو هُرَيرَة) (ڕەزای خوای لێبێت) دەفەرمووێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: {إِنَّ لِلَّهِ مِائَةَ رَحْمَةٍ، أَنْزَلَ مِنْهَا رَحْمَةً وَاحِدَةً بَيْنَ الْجِنِّ وَالإِنْسِ وَالْبَهَائِمِ وَالْهَوَامِّ، فَبِهَا يَتَعَاطَفُونَ وَبِهَا يَتَرَاحَمُونَ وَبِهَا تَعْطِفُ الْوَحْشُ عَلَى وَلَدِهَا وَأَخَّرَ اللَّهُ تِسْعًا وَتِسْعِينَ رَحْمَةً يَرْحَمُ بِهَا عِبَادَهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ}[١].

واتە: بەڕاستی خوای گەورەو میهرەبان، سەد (١٠٠) ڕەحمو بەزەیی هەیە، جا لەم سەد ڕەحمو بەزەییە، تەنها یەك دانەیانی دابەزاندووەو بڵاوی کردۆتەوە لە نێوان جنۆکەو ئادەمیزادو ئاژەڵانو پەلەوەرو دڕندەدا، جا بەهۆی ئەم یەك ڕەحمو بەزەییەوەیە، کە ئەم دروست کراوانە ڕەحم بە یەکتر دەکەن، هەر بەهۆی ئەم ڕەحمەوەیە، کە ئاژەڵو پەلەوەرو دڕندە ڕەحم بە بەچکەکانیان دەکەنو بەزەییان پیایاندا دێتەوە، بەڵام خوای گەورەو میهرەبان لەم سەد ڕەحمە، نەوەدو نۆیانی

(١) حَدِيثٌ صَحِيحٌ: أَخْرَجَهُ الإِمَامُ (مُسْلِمٍ) (رَحِمَهُ الله) فِي (صَحِيحِهِ) بِرَقَم (٧١٥٠).

بۆ پاشەڕۆژ هەڵگرتووە، لە پاشەڕۆژدا وەك فەزڵو میهرەبانییەك دەیبەخشێت بە بەندە باوەڕدارو خواناسە ڕاستەقینەكانی.

خوایە گیان لە ڕەحمو میهرەبانیو فەزڵی خۆت بێبەشمان مەكە.

ئیمامی (إِدْريس)ی كوڕی (عَبْدُ اللهِ)ی (الْمَروزِي) (ڕەحمەتی خوای لێبێت) دەفەرمووێت: (مَرِضَ أَعْرابِيٌّ، فَقِيلَ لَهُ: إِنَّكَ تَمُوتُ، قَالَ: إِلَى أَيْنَ يُذْهَبُ بِي ؟ قَالَ: إِلَى اللهِ، قَالَ: فَمَا كَرَاهَتِي، أَنْ أَذْهَبَ إِلَى مَنْ لاَ أَرى الْخَيْرَ إِلاَّ مِنْهُ)[١].

واتە: پیاوێكی لادێیو دەشتەكی نەخۆش كەوت، پێی ووترا: نەخۆشیێكەت سەختەو تۆ دەمریت، پیاوە گوندنشینەكە ووتی: گەر بمرم بۆ كوێ دەبرێم؟

پێیان ووت: بۆ لای خوای گەورەو میهرەبان دەبرێیت، پیاوە دەشتەكێكە ووتی: جا من بۆچی پێم ناخۆش بێتو دڵم تەنگ بێت بەوەی، كە دەمرمو دەڕۆم بۆ لای ئەو زاتەی، كە هیچی لێ بەدی ناكەم، جگە لە خێرو چاكەو ڕەحمو میهرەبانی.

---

[١] أَخْرَجَهُ الإِمَامُ (الْبَيْهَقِيّ) (رَحِمَهُ اللَّه) فِي (شُعَبِ الإِيمَان) بِرقم (٧١١٩). وَالإِمَامُ (ابْنُ أَبِي الدُّنيَا) (رَحِمَهُ اللَّه) فِي (الْمُحْتَضِرِين) بِرقم (٢٤). وفِي (حُسْنُ الظَّنِ باللهِ) بِرَقَم (٤٠).

ئێمە وەك شوێن كەوتووی قورئان‌و سوننەت، بە تێگەیشتنی پێشینانی پیاو چاك (ڕەحمەتی خوایان لێبێت) وەك واجبێكی شەرعی، پێویستە لەسەرمان، كە ئەم دوو ناوە پیرۆزەو هەموو ناوو سیفەتە جوانەكانی تریش بۆ زاتی پیرۆزی خوای گەورە جێگیر بكەین‌و باوەڕی تەواویشمان بە هەموو ناوو سیفەتە جوانەكانی خوای گەورە هەیەو نكۆڵی ناوە پیرۆزەكانی ناكەین‌و واتاو مانای خراپ‌و ناشیاویشی بۆ نادۆزینەوەو تەئویلی خراپ‌و دوور لە ڕاستییان بۆ ناكەین‌و خۆمان گومڕاو سەرلێ شێواو ناكەین.

گەر خوای پەروەردگار ناوو سیفەتێك بۆ زاتی پیرۆزی خۆی جێگیر بكات، بۆ ئێمەش جێگیری نەكەین؟

## لە پاشەڕۆژدا جگە لە خوا كەس دەسەڵاتی نییە

٣ـ فەرموودەی خوای پەروەردگار: ﴿ مَٰلِكِ يَوۡمِ ٱلدِّينِ ٤ ﴾ بەڵگەیە لەسەر ئەوەی، كە لە ڕۆژی قیامەتدا، هیچ كەس دەسەلاتی نییەو هەموو كەس چاوەڕوانی ڕەحمی خوان، هەتا پێغەمبەرانیش (سەلامی

خوایان لەسەر بێت)، لەو ڕۆژە ترسناكو ناخۆشەدا، تەنها خەمی نەفسی خۆیانەو بۆ نزیكترین كەسی خۆشیان هیچیان پێناكرێت.

هاوەڵی زۆر خۆشەویست (عَبْدُ اللهِ)ی كوڕی (عَبَّاس)[١] (ڕەزای خوای لێبێت) لە تەفسیری ﴿يَوۡمِ ٱلدِّينِ﴾دا دەفەرموویت: (الدِّينُ يَوْمُ حِسَابِ الْخَلائِقِ، وَهُوَ يَوْمُ الْقِيَامَةِ يُدِينُهُمْ بِأَعْمَالِهِمْ، إِنْ خَيْرًا فَخَيْرٌ، وَإِنْ شَرًّا فَشَرٌّ، إِلا مَنْ عَفَا عَنْهُ)[٢].

واتە: مەبەست بەو ڕۆژە ڕۆژی لێپرسینەوەی دروست كراوەكانی خوای گەورەو میهرەبانە، كە بریتییە لە ڕۆژی قیامەت، خەڵكی لەو ڕۆژەدا پاداشت وەردەگرن لەسەر كردەوەكانیان، جا، گەر كردەوەكانیان چاك بێت، ئەوە پاداشتی خێر چاكە وەردەگرن، گەر كردەوەكانیشیان خراپ بێت، ئەوە پاداشتی خراپ لەسەری وەردەگرن، مەگەر كەسێك، كە پەروەردگار لێی خۆش ببێتو لە تاوانو گوناهەكانی ببوورێت.

---

[١] لە ساڵی (٦٧ یا ٦٨)ی كۆچیدا لە تەمەنی (٧١) ساڵیدا لە (الطَّائِف) وەفاتی كردووە (ڕەزای خوای لێبێت).

[٢] أَخْرَجَهُ الإِمَامُ (ابْنُ أَبِي حَاتِمٍ) (رَحِمَهُ اللَّهُ) فِي (تَفْسِيرِهِ) (١/ ٧) بِرَقَمِ (٢٥). وَالإِمَامُ (الطَّبَرِي) (رَحِمَهُ اللَّهُ) فِي (تَفْسِيرِهِ) (١/ ١٥٦) بِرَقَمِ (١٦٧).

**خوایە گیان لە گوناهەکانمان خۆشبەو بەختەوەرمانکە**

**هاوەڵی خۆشەویست** (أَبُو هُرَيْرَة) **(ڕەزای خوای لێبێت) دەفەرمووێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی:** {يَلْقَى إِبْرَاهِيمُ أَبَاهُ آزَرَ يَوْمَ الْقِيَامَةِ ، وَعَلَى وَجْهِ آزَرَ قَتَرَةٌ، وَغَبَرَةٌ ، فَيَقُولُ لَهُ إِبْرَاهِيمُ: أَلَمْ أَقُلْ لَكَ لاَ تَعْصِنِي فَيَقُولُ أَبُوهُ: فَالْيَوْمَ لاَ أَعْصِيكَ. فَيَقُولُ إِبْرَاهِيمُ يَا رَبِّ ، إِنَّكَ وَعَدْتَنِي أَنْ لاَ تُخْزِيَنِي يَوْمَ يُبْعَثُونَ، فَأَيُّ خِزْيٍ أَخْزَى مِنْ أَبِي الأَبْعَدِ فَيَقُولُ اللَّهُ تَعَالَى: إِنِّي حَرَّمْتُ الْجَنَّةَ عَلَى الْكَافِرِينَ ثُمَّ يُقَالُ يَا إِبْرَاهِيمُ مَا تَحْتَ رِجْلَيْكَ فَيَنْظُرُ، فَإِذَا هُوَ بِذِيخٍ مُلْتَطِخٍ، فَيُؤْخَذُ بِقَوَائِمِهِ فَيُلْقَى فِي النَّارِ}[1].

**واتە: ئیبراهیم پێغەمبەر (ﷺ) لە پاشەڕۆژدا دەگاتە ئازەری باوکی، بەڵام دەمو چاوو ڕووی باوکی ڕەشیو تەپو تۆز دایگرتووە، ئیبراهیم پێغەمبەر (ﷺ) بە باوکی دەفەرمووێت: ئەی باوە ئایا لە دونیادا پێم نەووتی لە فەرمانم دەرمەچۆو سەرپێچی فەرمانم مەکە؟**

(١) حَدِيثٌ صَحِيحٌ: أَخْرَجَهُ الإِمَامُ الْبُخَارِي (رَحِمَهُ الله) فِي (صَحيحِهِ) بِرَقَم (٣٣٥٠). وَالإِمَامُ الْحَاكِمُ (رَحِمَهُ الله) فِي (الْمُسْتَدْرَك) بِرَقَم (٢٩٣٦) وَقَالَ: هذا حَدِيثٌ صَحِيحٌ عَلى شَرْطِ الشَيْخَيْنِ وَلَمْ يُخْرِجَاهُ. وَعَلَّقَ عَلَيهِ الإِمَامُ الذَّهَبِي وَقَالَ: عَلى شَرْطِ الْبُخَاري وَمُسْلِم، وَانْظُرْ: (الْمُسْتَدْرَك) (٢ / ٢٦٠). والذِّيخُ ذَكَرُ الضِّبَاعِ، وَقيلَ لاَ يُقَالُ لَهُ: ذِيخٌ إِلاَّ إِذَا كَانَ كَثِيرُ الشَّعَرِ.

ئازەری باوکی دەڵێت: ئەی کوڕەکەم ئەمڕۆ بە قسەت دەکەمو لە فەرمانت دەرناچم.

ئیبراهیم پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموویت: ئەی پەروەردگارم تۆ بەڵێنت بە من داوە بەوەی، کە لە ڕۆژی قیامەتو زیندوو بوونەوەدا سەرشۆڕم نەکەیت، ئایا چ سەرشۆڕییەك لەوە سەرشۆڕیترە، کە باوکی من لە ڕەحمو میهرەبانی تۆ بێبەشو مەحرومە.

خوای گەورە دەفەرموویت: بێ گومان من بەهەشتم لەسەر بێ باوەران حەرام کردووەو بێ باوەڕان بە هیچ شێوەیەك ناچنە بەهەشتەوە، پاشان بە ئیبراهیم پێغەمبەر (ﷺ) دەووترێت: ئەی ئیبراهیم ئەوە چییە لە ژێر هەردوو پێتدا؟

کاتێك، کە تەماشا دەکات دەبینێت کەمتیارێکی نێری زۆر بۆن ناخۆشو بۆگەنو خەڵتان لە خوێن لە ژێر هەردوو پێیدایە، ئەو کەمتیارە باوکێتی، پاشان هەردوو پێی باوکی کە بۆتە کەمتیاریکی نێر دەیگرنو فڕێی دەدەنە ناو ئاگری دۆزەخەوە.

ئیبراهیم پێغەمبەر (ﷺ)، کە خۆشەویستو خەلیلی خوای گەورەیەو لە دوای پێغەمبەری خۆشەویست (ﷺ) گەورەترین پێغەمبەرە (ﷺ)، بەلاّم لەگەلْ ئەم هەموو فەزلْەشیدا، کە لەلای پەروەردگاری هەیەتی، ئەوەندە توانای نییە، کە شەفاعەت بۆ باوکی خۆی بکاتو لە ئاگری دۆزەخ ڕزگاری بکات، گەر پێغەمبەرێکی ئاوها خۆشەویست (ﷺ) لە پاشەڕۆژدا، بۆ باوکی خۆی هیچی پێ نەکرێت، ئەی دەبێت کەسێکی تر لە پاشەڕۆژدا چی بۆ بکرێت، لە کاتێکدا نە پێغەمبەرەو نە ئەم پلەو پایە بەرزەشی هەیە لای خوای پەروەردگاری بە دەسەلاّت؟

## پێویستە عیبادەت تەنها بۆ خوا ئەنجام بدرێت

٤ ـ فەرمایشتی خوای پەروەردگار: ﴿إِيَّاكَ نَعۡبُدُ﴾ بەلْگەیە لەسەر ئەوەی، کە پێویستە لەسەر هەموو موسولْمانێکی خواناس، کە بە تەنها عیبادەت بۆ زاتی پیرۆزی خوای پەروەردگار بکاتو هەموو عیبادەتێکی تەنها بۆ ئەو زاتە پیرۆزە بێتو لە کاتی عیبادەتدا هاوبەشو شەریکی بۆ بڕیار نەدات.

تۆ بە: ﴿إِيَّاكَ نَعۡبُدُ﴾ بەڵێن دەدەیت بە خوای پەروەردگار بەوەی، کە بە تەنها بیپەرستیتو عیبادەت هەر بۆ ئەو زاتە پیرۆزە ئەنجام بدەیت.

دەی کەواتە ئاگاداری خۆت بەو وەعدو پەیمانی خۆت بەرە سەرو لێی پاشگەز مەبەرەوە، چونکە دڵنیابە لەوەی ، کە تەنها پەروەردگارت شایستەی پەرستنەو پەرستنی غەیری پەروەردگارت بێ باوەڕییەو بەتاڵە.

ئیمامی (ابْنُ تَيْمِيَّة)[1] (ڕەحمەتی خوای لێبێت) دەفەرموویت: (الْعِبَادَةُ هِيَ: اسْمٌ جَامِعٌ لِكُلِّ مَا يُحِبُّهُ اللَّهُ وَيَرْضَاهُ: مِنْ الْأَقْوَالِ، وَالْأَعْمَالِ الْبَاطِنَةِ وَالظَّاهِرَةِ)[2].

واتە: عیبادەت ناوێکی کۆکەرەوەیە بۆ هەموو کردارو گفتارێك، کە خوای گەورە پێی خۆش بێتو پێی ڕازی بێت، ئیتر ئەو کردارو گفتارە ئاشکرا بێت یا نهێنی.

(١) لە سالی (٦٦١)ی کۆچیدا لە دایك بووە، لە سالی (٧٢٨)ی کۆچیدا لە تەمەنی (٦٧) سالیدا وەفاتی کردووە (ڕەحمەتی خوای لێبێت).
(٢) (مَجْمُوعُ الْفَتَاوى) (١٠/١٤٩) (الْفَتَاوى الْكُبْرى) (١٠/٦٢) (الْعُبُودِيَّة) (١/٤٤).

کەواتە هەر کردارو گفتارێك، کە خوای پەروەردگار پێی خۆش بێت ئەنجامی بدەیتو بیلێیت، ئەوە بێ گومان عیبادەتەو دەبێت، بە تەنها بۆ خوای گەورەو بە دەسەلآت ئەنجام بدرێت.

خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿... فَمَن كَانَ يَرۡجُواْ لِقَآءَ رَبِّهِۦ فَلۡيَعۡمَلۡ عَمَلٗا صَٰلِحٗا وَلَا يُشۡرِكۡ بِعِبَادَةِ رَبِّهِۦٓ أَحَدَۢا ١١٠﴾[1].

واتە: هەر کەسێك ئومێدو هیوای ئەوەی هەیە، کە بە باوەڕداری بگاتە خزمەتی پەروەردگاری، ئەوە باکردەوەی باشو پاك ئەنجام بدات، ئەو کردەوانەی، کە بە پێی دەقی قورئانی پیرۆزو فەرموودە ڕاستەکانن، هەروەها لە کاتی ئەنجامدانی عیبادەتو خواپەرستیدا پەروەردگاری بە تەنها بپەرستێتو شەریكو هاوەڵی بۆ بڕیار نەداتو هیچ کەس نەکات بە شەریکی پەروەردگاری.

لەم ئایەتە پیرۆزەدا پەروەردگارمان حەرامی دەکات لەسەرمان، کە هاوەڵو شەریکی بۆ بڕیار بدەین، ئیتر هەر کەسێك بێتو ناوی هەرچی بێت، یا لە هەر پلەو پایەیەکدا بێت، هەتا ئەو کەسانەی پەنا بە خوا، کە

---

(١) سُورَةُ (الْكَهْفِ) الآيَة: (١١٠).

عیسا پێغەمبەر (سەلامی خوای لەسەر بێت) دەکەنە کوڕو شەریکی خوای گەورە، خوای پەروەردگار بە کافرو بێ باوەڕ ناویان دەبات، کەواتە خوای گەورەو میهرەبان، ڕازی نابێت تەنانەت پێغەمبەرانیش (سەلامی خوایان لەسەر بێت) بکرێن بە شەریكو هاوبەشی چ جای پیاو چاکان.

## تەنها داوای یارمەتی لە پەروەردگارت بکە

٥ - فەرموودەی پەروەردگار: ﴿وَإِيَّاكَ نَسْتَعِينُ ۝٥﴾ بەڵگەیە لەسەر ئەوەی، کە پێویستە لەسەر هەموو ئادەمیزادێك، لە هەموو کاتو ساتێکدا، تەنها داوای یارمەتی لە خوای پەروەردگاری بکاتو هەموو هاوارو سکاڵایەکی، تەنها بۆ لای ئەو زاتە پیرۆزە بێت.

خوا دەفەرمووێت: ﴿...وَٱلَّذِينَ تَدۡعُونَ مِن دُونِهِۦ مَا يَمۡلِكُونَ مِن قِطۡمِيرٍ ﴿١٣﴾ إِن تَدۡعُوهُمۡ لَا يَسۡمَعُواْ دُعَآءَكُمۡ وَلَوۡ سَمِعُواْ مَا ٱسۡتَجَابُواْ لَكُمۡۖ ...﴾[1].

واتە: ئەو کەسانەی، کە جگە لە خوای پەروەردگار، داوای یارمەتییان لێ دەکرێتو خەڵکی لێیان دەپاڕێنەوە، بە ئەندازەو قەبارەی ئەو توێکڵە تەنکەی، کە بە دەوروبەری ناوکە خورماوەیە، موڵکو سامانیان نییە بیدەن بە خەڵکی، گەر لێیان بپاڕێنەوە، ئەوە بێ گومان ئەوان گوێیان لە پاڕانەوەو هاوارو دوعا کردنی ئێوە نییە خۆ، ئەگەر گوێشیان لێبێت، ئەوە دڵنیابن لەوەی، کە ناتوانن وەڵامی داواکاریو دوعاکانی ئێوە بدەنەوەو لەوپەڕی بێ دەسەڵاتیدان.

مردوو پیاو باش بێت یا پیاو خراپ، گەر بە ئەندازەی ئەو توێکڵە تەنکەی دەوروبەری ناوکە خورما، موڵکو سامانی نەبێت، کە بیدات بە خەڵکی، بە چ عەقلێکەوە خەڵکی هاواریان تێ دەکەنو لێیان دەپاڕێنەوەو داوای یارمەتیو کۆمەکیو منداڵیان لێ دەکەنو داوایان

---

(١) سُورَةُ (فَاطِر) الآيَة: (١٣-١٤).

لێدەکەن، کە لە بەڵاو موسیبەتو نەخۆشیو ناخۆشی بیانپارێزنو بەدووریان کەن؟

گەر کەسێك بەڕاستی بیناسێت هاوەڵی بۆ بڕیار نادات

پێشەوای تەفسیر (قَتَادَةَ)ی کوڕی (دَعَامَة)[1] (ڕەحمەتی خوای لێبێت) لە تەفسیری ﴿إِيَّاكَ نَعۡبُدُ وَإِيَّاكَ نَسۡتَعِينُ ۝٥﴾دا دەفەرمووێت: (يَأْمُرُكُمْ أَنْ تُخْلِصُوا لَهُ الْعِبَادَةَ، وَأَنْ تَسْتَعِينُوهُ عَلَى أَمْرِكُمْ)[2].

واتە: خوای پەروەردگار فەرمانتان پێ دەکات بەوەی، کە تەنها عیبادەت بۆ ئەو ئەنجام بدەنو شەریکی بۆ بڕیار نەدەن، لە کاتی عیبادەتداو تەنها پشت بەو ببەستنو داوای هەموو کۆمەکیو پێداویستییەك تەنها لەو زاتە پیرۆزو بێ شەریكو هاوتایە بکەن.

(١) لە سالی (٦٠)ی کۆچیدا لە دایك بووە، لە سالی (١١٨)ی کۆچیدا لە تەمەنی (٥٨) سالیدا وەفاتی کردووە (ڕەحمەتی خوای لێبێت).

(٢) أَخْرَجَهُ الإِمَامُ (ابْنُ أَبِي حَاتِمٍ) (رَحِمَهُ اللَّهُ) فِي (تَفْسِيرِهِ) (ج ١ / ص ٨) بِرَقَم (٢٩).

## پێویستە لەسەرمان بە دوای ڕێگای ڕاستدا بگەڕێین

٦- فەرمایشتی خوای گەورەو میهرەبان: ﴿ ٱهۡدِنَا ٱلصِّرَٰطَ ٱلۡمُسۡتَقِيمَ ٦ ﴾ بەڵگەیە لەسەر ئەوەی، کە پێویستە لەسەر هەموو باوەڕدارێك، لە هەموو کاتو ساتێکدا، لە خوای پەروەردگاری بپاڕێتەوەو داوای لێبکات، کە یارمەتی بداتو بیخاتە سەر ڕێگای ڕاستو بەردەوامی بکات لەسەریشی، چونکە بێ گومان بەختەوەری ئادەمیزاد تەنها لەوەدایە، کە لەسەر ڕێگای ڕاست بڕواتو ئەملاو ئەولا نەکات.

خوای گەورەو میهرەبان لەم ئایەتە پیرۆزەدا فێری ئەوەمان دەکات، کە بە بەردەوامی لێی بپاڕێینەوەو داوای لێبکەین، کە هیدایەتو ڕێنموویمان بکات بۆسەر ڕێگای ڕاستو دروست.

خوایە گیان بمانخەرە سەر ڕێگای ڕاست (آمِين).

هاوەڵی خۆشەویست (عَبْدُ الله)ی کوڕی (مَسْعُود)[١] (ڕەزای خوای لێبێت) دەفەرمووێت: (الصِّرَاطُ الْمُسْتَقِيمُ الَّذِي تَرَكَنَا عَلَيْهِ رَسُولُ اللهِ (ﷺ))[١].

(١) لە ساڵی (٣٢)ی کۆچیدا لە شاری مەدینە وەفاتی کردووەو لە بەقیع بە خاك سپێرراوە (ڕەزای خوای لێبێت).

واتــە: ڕێگــای ڕاســت بریتییــە لــەو بەرنامــەو ڕێبــازو ســوننەتانەی، کــە پێغەمبەری خوا (ﷺ) بۆمانی بەجێ هێشتووە لــە فەرموودەکانیدا.

کەواتە ڕێگای ڕاسـت تـەنها بریتییـە لـە شـوێن کـەوتنی دەقـی قورئـانی پــیرۆزو فــەرموودە ڕاســتەکانی پێغەمبــەری خۆشەویســت (ﷺ)، بــە تێگەیشتن‌و بیرو باوەڕی پێشینانی پیاو چاك (ڕەحمەتی خوایان لێبێـت) نەك شوێن کەوتنی ڕێبازە چەوت‌و چێڵ‌و بیدعەو داهێنراوەکان.

بێ گومان هەموو کەس بـە دەم عەیبی نییەو دەڵێت: من حـەقم‌و لەسـەر ڕێگـای ڕاسـتم، بـەڵام بــە کردەوەکـانی دەردەکـەوێت، کــە ئـەو کەسـە ڕاسـتگۆیە یـا نـا، چـونکە زۆر جـار دەبینیـت قسـەو کـردەوەی کەسـێك پێچەوانەی یەکەو ئەوەی، کە بە زمان دەیڵێـت پێچـەوانەی دڵـێتی‌و لـــە دڵیدا نییە، پەنا بـە خوا.

ئیمامی (یُونُس)ی (الصَّدَفِيّ)[٢] (ڕەحمـەتی خـوای لێبێـت) دەفـەرمووێت: (قُلْتُ لِلشَّافِعِيِّ: إِنَّ صَاحِبَنَا اللَّيْثَ كَانَ يَقُولُ: إِذَا رَأَيْتُمُ الرَّجُلَ يَمْشِي عَلَى الْمَاءِ

---

(١) أَخْرَجَهُ الإمَامُ الطَبَرَانِيُّ (رَحِمَهُ الله) فِي (مُعْجَمِهِ الْكَبِير) بِرَقَم (١٠٤٥٤).

(٢) لـە سـاڵی (١٧٠)ی کۆچیدا لـە دایك بووە، لـە ساڵی (٢٦٤)ی کۆچیدا لـە تەمەنی (٥٨) ساڵیدا وەفاتی کردووە (ڕەحـمەتی خوای لێبێت).

فَلَا تَغْتَرُوا بِهِ حَتَّى تَعْرِضُوا أَمْرَهُ عَلَى الْكِتَابِ وَالسُّنَّةِ، ؟ فَقَالَ الشَّافِعِيُّ : قَصَّرَ اللَّيْثُ رَحِمَهُ اللَّهُ ، بَلْ إِذَا رَأَيْتُمْ الرَّجُلَ يَمْشِي عَلَى الْمَاءِ، وَيَطِيرُ فِي الْهَوَاءِ، فَلَا تَغْتَرُوا بِهِ حَتَّى تَعْرِضُوا أَمْرَهُ عَلَى الْكِتَاب)[1].

**واتە: بە ئیمامی (الشَّافِعِيّ)[2]م (ڕەحمەتی خوای لێبێت) ووت: بەڕاستی پێشەوای هاوڕێمان (اللَّيْث)ی کوڕی (سَعْد)[3] (ڕەحمەتی خوای لێبێت) دەفەرمووێت: گەر کەسێکتان بینی بەسەر ئاودا فڕیو ڕۆیشت، ئەوە پێی هەڵمەخەڵەتێنو باوەڕی پێ مەکەن، هەتا کردارو گفتارەکانی، هەڵنەسەنگێننو بەراوردی نەکەن، لەگەڵ قورئانی پیرۆزو فەرموودەکانی پێغەمبەری خوادا (ﷺ).**

**ئیمامی (الشَّافِعِيّ) (ڕەحمەتی خوای لێبێت) فەرمووی: ئیمامی (اللَّيْث)ی کوڕی (سَعْد) (ڕەحمەتی خوای لێبێت) بە کورتی باسی کردووەو کورتی**

(١) (مَواعِظُ الإِمَامِ الشَّافِعِي) (١/٧) (الْفُرْقَانُ بَيْنَ أَولِيَاءِ الرَّحْمنِ وَأَولِيَاءِ الشَّيْطَان . لِإِبْنِ تَيْمِيَّة) (١٣/١) (تفسيرُ ابْنِ كَثِير) (١/٢٣٣). (شَرْحُ الْعَقِيدَةِ الطَّحَاوِيَّة . لِإِبْنِ أَبِي الْعِز الْحَنَفِيّ) (١/٣٤٠).

(٢) لە ساڵی (١٥٠)ی کۆچیدا لە شاری (الْغَزَّة) لە دایك بووە، لە ساڵی (٢٠٤)ی کۆچیدا لە تەمەنی (٥٤) ساڵیدا لە (مِصر) وەفاتی کردووە (ڕەحمەتی خوای لێبێت).

(٣) لە ساڵی (٩٤)ی کۆچیدا لە دایك بووە، لە ساڵی (١٧٥)ی کۆچیدا لە تەمەنی (٨١) ساڵیدا وەفاتی کردووە (ڕەحمەتی خوای لێبێت).

کردۆتەوە، بەڵکو من درێژی دەکەمەوەو دەڵێم: گەر کەسێکتان بینی بەسەر ئاودا فڕیو ڕۆیشت، یا بە بۆشایی ئاسماندا فڕی، ئەوە پێی هەڵمەخەڵەتێنو باوەڕی پێ مەکەن، هەتا کردارو گفتارەکانی هەڵنەسەنگێننو بەراوردی نەکەن لەگەڵ قورئانی پیرۆزدا.

کەواتە بێ گومان تەنها قورئانی پیرۆزو فەرموودەکانی

پێغەمبەری خۆشەویست (ﷺ) پێوەرن بۆ هەڵسەنگاندنو تاقیکردنەوەی خەڵکی باشو خراپ، نەك قسەی ئەمو ئەو.

بێ گومان بە کردەوە باشو خراپ، لەخواترسو لەخوانەترس، ڕاستگۆو نا ڕاستگۆ دەردەکەوێت، تۆ مەڵێ فلان کەس عیلمو زانیاری چۆنە، بەڵکو بڵێ فلان کەس، کردەوەو عەمەلی ڕۆژانەی چۆنە؟

## جــۆرەكـــانی هیدایـــەت

بێ گومان دوو جۆر هیدایەتمان هەیە، كـــە ئەمانــەن:

**جۆری یەكەم:** هیدایەت بــە مانـای ڕێ نیشـاندان، كـە پێـی دەووترێـت: هیدایـەتی گشـتی (الْهِدايَةُ العَامَّة)، ئـەم جـۆرە هیدایەتـەیان لــە توانـاو دەسەڵاتی پێغەمبەراندا (سەلامی خوایان لەسـەر بێـت) هەیـە، بەهـەمان شێوە لــە تواناو دەسەڵاتی شوێن كەوتووانیشیاندا هەیە.

خـــوای پـــەروەردگار دەفـــەرمووێت: ﴿... وَإِنَّكَ لَتَهۡدِيٓ إِلَىٰ صِرَٰطٖ مُّسۡتَقِيمٖ ٥٢﴾[1].

واتە: بێ گومان تۆ ئەی پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) ڕێگـای ڕاسـت نیشـانی خەڵكی دەدەیتو بۆیان ڕوون دەكەیتەوە.

هـاوەڵی خۆشەویسـت (سَهْل)ی كـوڕی (سَعْد)[2] (ڕەزای خـوای لێبێـت) دەفەرمووێت: پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) بــە ئیمـامی (عَلِيّ)ی كـوڕی (أَبُو

(١) سُورَةُ (الشُّورى) الآيَة: (٥٢).
(٢) لـە سـاڵی (٩١)ی كۆچیدا لـە تەمەنی (١٠٠) ساڵیدا وەفاتی كردووە (ڕەزای خوای لێبێت)

طَالِب)ی (ڕەزای خوای لێبێت) فەرموو: {...فَوَاللَّهِ لأَنْ يُهْدَى بِكَ رَجُلٌ وَاحِدٌ خَيْرٌ لَكَ مِنْ حُمْرِ النَّعَمِ}(١).

واتە: سوێند بە خوای گەورە، گەر خوای پەروەردگار بەهۆی تۆوە هیدایەتی تەنها کەسێك بدات، ئەوە بێ گومان بۆ تۆ لە ووشتری سوور باشترو بەنرخترە.

پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەم فەرموودەیەدا بە ئیمامی عەلی (ڕەزای خوای لێبێت) فەرموو: گەر خوای گەورە بەهۆی تۆوە هیدایەتی کەسێك بدات، بەڵام پێی نەفەرموو، گەر تۆ کەسێك هیدایەت بدەیت.

**جۆری دووەم:** هیدایەت بە مانای چەسپاندنی باوەڕ لە دڵدا، کە پێی دەووترێت: هیدایەتی تایبەت (الْهِدايَةُ الْخَاصَّة)، ئەم جۆرە هیدایەتەیان لە تواناو دەسەڵاتی هیچ کەسێکدا نییە، هەتا پێغەمبەرانیش (سەلامی خوایان لەسەر بێت).

ئیمامی (أَبو هُرَيْرَة) (ڕەزای خوای لێبێت) دەفەرمووێت: {قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) لِعَمِّهِ « قُلْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ، أَشْهَدُ لَكَ بِهَا يَوْمَ الْقِيَامَةِ ». قَالَ : لَوْلاَ أَنْ

---

(١) حَدِيثٌ صَحِيحٌ: أَخْرَجَهُ الإِمَامُ الْبُخَارِيّ (رَحِمَهُ الله) فِي (صَحِيحِهِ) بِرَقَم (٢٩٤٢).

تُعَيِّرَنِي قُرَيْشٌ يَقُولُونَ : إِنَّمَا حَمَلَهُ عَلَى ذَلِكَ الْجَزَعُ لأَقْرَرْتُ بِهَا عَيْنَكَ، فَأَنْزَلَ اللَّهُ: (إِنَّكَ لاَ تَهْدِي مَنْ أَحْبَبْتَ وَلَكِنَّ اللَّهَ يَهْدِي مَنْ يَشَاءُ)}(١).

واتە: پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە (أَبُو طَالِب)ی مامی فەرمووو: بڵێ (لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ)، گەر ئەم ووشەیە بڵێیت، ئەوە بێ گومان لە پاشەڕۆژدا لای خوای گەورە شایەتیت بۆ دەدەم، بەڵام مامی ووتی: گەر لەبەر ئەوە نەبوایە، کە قورەیشێکان سەرزەنشتم بکەنو بڵێن: (أَبُو طَالِب) لەبەر ناڕەحەتیو بێزاری وتوویەتی: (لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ) ئەوە بێ گومان چاوو دڵتم ڕۆشن دەکردەوەو ئەم ووشەیەم دەردەبڕی، خوای پەروەردگار ئایەتی ناردە خوارەوەو فەرمووی: تۆ ناتوانیت هیدایەتی کەسێك بدەیت، کە پێت خۆشە هیدایەت وەرگرێتو موسوڵمان بێت، بەڵکو خوای گەورە بە تەنها خۆی هیدایەتی خەڵکی دەدات.

دایکی باوەڕداران (عَائِشَة) (ڕەزای خوای لێبێت) دەفەرمووێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: {اللَّهُمَّ أَعِزَّ الإِسْلاَمَ بِعُمَرَ بْنِ الْخَطَّابِ خَاصَّةً}(١).

---

(١) حَدِيثٌ صَحِيحٌ: أَخْرَجَهُ الإِمَامُ مُسلِمٍ (رَحِمَهُ الله) فِي (صَحِيحِهِ) بِرَقَم (١٤٤).

واتە: خوایە داوات لێدەکەم، کە هێزو دەسەڵات بە ئیسلام ببەخشیت، بە هیدایەتدانی (عُمَر)ی کوڕی (الْخَطَّاب) (ڕەزای خوای لێبێت).

گەر پێغەمبەری خۆشەویست (ﷺ) هیدایەتو ڕێنموونی بەواتای دروست کردنو چەسپاندنی باوەڕ لە دڵدا لە دەسەڵاتی خۆیدا بوایە، ئەوە بێ گومان خۆی هیدایەتی ئیمامی (عُمَر)ی (ڕەزای خوای لێبێت) دەداو باوەڕی لە دڵدا دەچەسپانو لە خوای پەروەردگار نەدەپاڕایەوە، کە هیدایەتی بدات.

ئەم بەڵگانەی، کە باسمان کردن، ڕەدن بۆ سەر ئەو کەسانەی، کە خەڵکی هەڵدەخەڵەتێننو پێیان دەڵێن: ئێمە دەتوانین هیدایەتتان بدەینو بتان خەینە سەر ڕێگای ڕاستو باوەڕو ئیمان لە دڵتاندا بچەسپێنینو لە بێ باوەڕیو گومڕایی دەرتان کەین.

---

(١) حَدِيثٌ صَحِيحٌ: أَخْرَجَهُ الإِمَامُ أَحْمَد (رَحِمَهُ الله) فِي (مُسْنَدِهِ) بِرَقَم (٥٦٩٦). وَالإِمَامُ الْحَاكِم (رَحِمَهُ الله) فِي (الْمُستَدْرَك) بِرَقَم (٤٤٨٥) وَقَالَ: هَذا حَدِيثٌ صَحِيحٌ عَلى شَرطِ الشَّيْخَينِ وَلَمْ يُخَرِّجَاهُ. وَعَلَّقَ عَلَيهِ الإِمَامُ الذَّهَبِي (رَحِمَهُ الله) فَقَالَ: عَلى شَرطِ البُخَارِيّ وَمُسْلِم. وَالإِمَامُ ابْنُ حِبَّان (رَحِمَهُ الله) فِي (صَحِيحِهِ) بِرَقَم (٤٤٨٥). وَقَالَ الإِمَامُ ابْن حَجَرِ (رَحِمَهُ الله) فِي (الْفَتْح) (٤٨/٧): رَوَاهُ الْحَاكِم بِإِسنَادٍ صَحِيح. وَصَحَّحَهُ إِمَامُنَا الأَلْبَانِي (رَحِمَهُ الله) فِي (الصَّحِيحَة) بِرَقَم (٣٢٢٥) وَ (صَحِيح مَوارِدِ الظَّمْآن) بِرَقَم (٢١٨٠) وَ (صَحِيحِ ابنِ مَاجَه) (٨٥).

## دروستە باوەڕدار داوای شتی باش و گەورە لە خوا بکات

٧ـ فەرموودەی خوا: ﴿ صِرَٰطَ ٱلَّذِينَ أَنۡعَمۡتَ عَلَيۡهِمۡ ﴾ بەڵگەیە لەسەر ئەوەی، کە دروستە موسوڵمان داوای شتی باش و گەورە لە خوای پەروەردگار بکات.

پەروەردگارمان لەم ئایەتە پیرۆزەدا فێری ئەوەمان دەکات، کە لێی بپاڕێینەوەو داوای لێبکەین، کە بمانخاتە سەر ڕێگای ئەو کەسانەی، کە خوای پەروەردگار نازو نیعمەتی بەسەریاندا ڕژاندووە، بێ گومان ئەمەش داواکردنی شتێکی زۆر گەورەو گرنگەو ئەم داواکارییە داواکارییەکی بچووک نییە.

هاوەڵی خۆشەویست (أَبُو هُرَيْرَة) (ڕەزای خوای لێبێت) دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: {فَإِذَا سَأَلْتُمُ اللَّهَ فَاسْأَلُوهُ الْفِرْدَوْسَ، فَإِنَّهُ أَوْسَطُ الْجَنَّةِ وَأَعْلَى الْجَنَّةِ، وَفَوْقَهُ عَرْشُ الرَّحْمَنِ، وَمِنْهُ تَفَجَّرُ أَنْهَارُ الْجَنَّةِ}[١].

---

(١) حَدِيثٌ صَحِيحٌ: أَخْرَجَهُ الإِمَامُ الْبُخَارِيّ (رَحِمَهُ الله) فِي (صَحِيحِهِ) بِرَقَم (٢٧٩٠) وَاللَّفْظُ لَهُ. وَالإِمَامُ ابنُ حِبَّانَ (رَحِمَهُ الله) فِي (صَحِيحِهِ) بِرَقَم (٤٦١١).

واتە: گەر پاڕانەوەو داوای بەهەشتتان لە خوای گەورەو میهرەبان کرد ، ئەوە داوای بەهەشتی فیردەوسی لێ بکەن، چونکە بێ گومان فیردەوس لە ناوەڕاستی هەموو بەهەشتەکاندایەو لە هەموو بەهەشتەکان بەرزو بڵند ترەو سەقفو بانی فیردەوس، عەرشی خوای پەروەردگارەو ڕووباری هەموو بەهەشتەکان، لە فیردەوسەوە هەڵدەقوڵێتو فیردەوس سەرچاوەی ئاوو ڕووباری هەموو بەهەشتەکانە.

پێغەمبەری خۆشەویست (ﷺ) لەم فەرموودە پیرۆزەدا، فێری ئەوەمان دەکات، کە داوای خۆشترینو گەورەترین بەهەشت لە پەروەردگارمان بکەین، کە فیردەوسە.

کەواتە دروستە داوای نازو نیعمەتی گەورە لە خوای پەروەردگار بکەیت.

خوای گەورە دەفـــــەرموویێت: ﴿وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَٱلرَّسُولَ فَأُوْلَٰٓئِكَ مَعَ ٱلَّذِينَ أَنْعَمَ ٱللَّهُ عَلَيْهِم مِّنَ ٱلنَّبِيِّـۧنَ وَٱلصِّدِّيقِينَ وَٱلشُّهَدَآءِ وَٱلصَّٰلِحِينَۚ وَحَسُنَ أُوْلَٰٓئِكَ رَفِيقًا ٦٩﴾[1].

واتە: هەر کەسێك گوێڕایەڵی خواو پێغەمبەری خـوا (ﷺ) بکـات، ئـەوە بـێ گومـان لـە پاشـەڕۆژدا لـەگەڵ ئـەو کەسـانەدا دەبێـت، کـە خـوای پـەروەردگار نـازو نیعمـەتی بـەسەریاندا ڕژانـدووە، کـە بـریتین لـە: پێغەمبـەران (سـەلامی خوایـان لەسـەر بێـت) هـەروەها ڕاسـتگۆیانو شـەهیدانو پیـاو چـاکان، (ڕەزاو ڕەحمـەتی خـوای لێبێـت) بـەڕاستی ئەمانەی، کە باسکران باشترینو چاکترین دۆستو هاوڕێن.

ئەی خوای گەورەو میهرەبان، ئێمەی تاوانبار لێت دەپاڕێینـەوە، کـە لـە بەهەشتدا لەگەڵ ئەم کۆمەڵە پاکانەدا کۆمان بکەرەوەو لە ئـاگری دۆزەخ بمان پارێزە (آمِين).

پێشـەوای تەفسـیر (أَبُو الْعَالِيَةِ)[1] (ڕەحمـەتی خـوای لێبێـت) لـە هـاوەڵی خۆشەویسـت (عَبْدُ الله)ی کـوڕی (عَبَّاس)ـەوە (ڕەزای خوایـان لێبێـت)

---

(١) سُورَةُ (النِّسَاءِ) الآيَة: (٦٩).

دەگێڕێتەوە، کە لە تەفسیری ڕێگای ڕاستدا فەرموویەتی: (هُوَ رَسُولُ اللهِ (ﷺ) وَصَاحِبَاهُ قَالَ : فَذَكَرْنَا ذَلِكَ لِلْحَسَنِ فَقَالَ صَدَقَ وَاللهِ وَنَصَحَ وَاللهِ هُوَ رَسُولُ اللهِ (ﷺ) وَأَبُو بَكْرٍ وَعُمَرَ رَضِيَ اللهُ عَنْهُمَا)[٢].

واتە: ئەو کەسانەی، کە خوای پەروەردگار نازو نیعمەتی بەسەریاندا ڕژاندووە بریتین لە: پێغەمبەری خوا (ﷺ) هەروەها هەردوو هاوەڵە بەڕێزەکەی: (أَبُو بَكْر)ی (الصِّدِّيقُ)[٣] و (عُمَر)ی کوڕی (الْخَطَّاب) (ڕەزای خوایان لێبێت).

ئیمامی (أَبُو الْعَالِيَةِ) (ڕەحمەتی خوای لێبێت) دەفەرمووێت: ئەم تەفسیرەی ئیمامی (عَبْدُ الله)ی کوڕی (عَبَّاس)مان (ڕەزای خوایان لێبێت) بۆ ئیمامی (الْحَسَنُ البَصْري)[٤] (ڕەحمەتی خوای لێبێت) باسکرد، ئەویش فەرمووی: ئیمامی (عَبْدُ الله)ی کوڕی (عَبَّاس) (ڕەزای خوایان لێبێت)

---

(١) لە ساڵی (١٢١)ی کۆچیدا وەفاتی کردووە (ڕەحمەتی خوای گەورەی لێبێت).

(٢) حَدِيثٌ صَحِيحٌ: أَخْرَجَهُ الإِمَامُ الْحَاكِمُ (رَحِمَهُ الله) فِي (الْمُسْتَدْرَك) بِرَقَم (٣٠٢٥) وَقَالَ: هذا حَدِيثٌ صَحِيحُ الإِسْنَادِ وَلَمْ يُخَرِّجَاهُ. وَعَلَّقَ عَلَيهِ الإمَامُ الذَّهَبِي (رَحِمَهُ الله) فِي (التَّلْخِيص) وَقَالَ: صَحِيحٌ. وَانْظُرْ: (الْمُسْتَدْرَك) (٢ /٢٦٠).

(٣) لە ساڵی (١٣)ی کۆچیدا لە تەمەنی (٦٣) ساڵیدا وەفاتی کردووە (ڕەزای خوای لێبێت).

(٤) لە ساڵی (١١٠)ی کۆچیدا وەفاتی کردووە (ڕەحمەتی خوای لێبێت).

ڕاستی فەرمووەو ڕاست دەكات، سوێند بە خوای گەورە ئەم هاوەڵە بەڕێزە ئامۆژگاریی و نەسیحەتی خۆی كرد، بێ گومان مەبەست بە ڕێگای ڕاست بریتییە لە شوێن كەوتنی پێغەمبەری خوا (ﷺ) هەروەها هەردوو هاوەڵە بەڕێزەكەی: ئیمامی (أَبُو بَكْر)ی (الصِّدِّيقُ)و ئیمامی (عُمَر)ی كوڕی (الْخَطَّاب) (ڕەزای خوایان لێبێت).

ئیمامی (عَاصِمُ الأَحْوَل)[1] (ڕەحمەتی خوای لێبێت) دەفەرموویت: ئیمامی (أَبُو الْعَالِيَةِ) (ڕەحمەتی خوای لێبێت) لە تەفسیری ڕێگای ڕاستدا دەفەرموویت: (هُوَ النَّبِيُّ (ﷺ) وَصَاحِبَاهُ مِنْ بَعْدِهِ، قَالَ عَاصِمٌ: فَذَكَرْنَا ذَلِكَ لِلْحَسَنِ، فَقَالَ: صَدَقَ أَبُو الْعَالِيَةِ وَنَصَحَ)[2].

واتە: ئەو كەسانەی، كە خوای گەورە نازو نیعمەتی بەسەریاندا ڕژاندووە بریتین لە: پێغەمبەری خوا (ﷺ) هەروەها هەردوو هاوڕێی و هاوەڵەكەی دوای خۆی، كە بریتین لە هاوەڵی خۆشەویست (أَبُو بَكْر)ی (الصِّدِّيقُ)و (عُمَر)ی كوڕی (الْخَطَّابِ) (ڕەزای خوایان لێبێت).

---

(١) لە ساڵی (١٤٢)ی كۆچیدا وەفاتی كردووە (ڕەحمەتی خوای لێبێت).
(٢) أَخْرَجَهُ الإِمَامُ (ابْنُ أَبِي حَاتِمٍ) (رَحِمَهُ اللَّه) فِي (تَفْسِيرِهِ) (١/٩) بِرَقَم (٣٤).

ئیمامی (عَاصِمُ الأَحْوَل) (ڕەحمەتی خوای لێبێت) دەفەرمووێت: ئەم تەفسیرەی ئیمامی (أَبُو الْعَالِيَة)مان (ڕەحمەتی خوای لێبێت) بۆ ئیمامی (الْحَسَنُ البَصْرِي) (ڕەحمەتی خوای لێبێت) باسکرد، ئەویش فەرمووی: ئیمامی (أَبُو الْعَالِيَة) ڕاستی فەرموو، بەڕاستی ئامۆژگاریو نەسیحەتی خێری خۆی کرد.

## باوەڕداری ڕاستەقینە نابێت بە کردەوەکانی پێچەوانەی قسەکانی بکات

٨ ▪ فەرموودەی خوای پەروەردگار: ﴿ ٱهۡدِنَا ٱلصِّرَٰطَ ٱلۡمُسۡتَقِيمَ ٦ ﴾ بەڵگەیە لەسەر ئەوەی، کە باوەڕداری ڕاستەقینە ئەو کەسەیە، کە کردەوەکانی لەگەڵ قسەکانیدا یەك بێتو پێچەوانەی یەك نەبن.

بێ گومان هەموو کەسێکی موسوڵمان، کە نوێژ دەکات، لە نوێژەکەیدا، بە زمان لە خوای گەورە

دەپاڕێتەوەو دەڵێت: خوایە گیان هیدایەتم بدەیت بۆ سەر ڕێگای ڕاست، ئەو ڕێگا ڕاستەی، کە خۆت پێی ڕازیتو بە ڕێگای ڕاستت داناوە.

کەواتە هەموو موسوڵمانێکی نوێژ خوێن بە زمان ئەم دوعا چاکە دەکات، بەڵام موسوڵمانان بەکردەوە لە بەرامبەر ئەم دوعا چاکەدا دەبنە چەندەها بەشەوە بەڵام باشترینیان ئەوانەن، کە ڕاستگۆن‌و بە کردەوەکانیان دەیسەلمێنن، کە لەسەر ڕێگای ڕاستن، چونکە بەردەوامن لەسەری‌و ڕۆژ بە ڕۆژ هەوڵی زیاتر دەدەن‌و بەرەو باشتر دەچن.

ئەم جۆرە کەسانە ئەوانەن، کە کردارو گفتارەکانیان بەپێی قورئان‌و سوننەتەو ئەوەندەی وەك ئادەمیزادێك لە توانایاندا هەبێت هەنگاو بە هەنگاو بەپێی قورئان‌و سوننەت دەڕۆن‌و بە دەگمەن تووشی گوناهو تاوان دەبن، بەڵام لە گوناهو تاوان نەپارێزراوون‌و (مَعصُوم) نین.

ئەم جۆرەیان باشترین جۆری باوەڕدارنن لە دوای پێغەمبەران‌و هاوەڵان (سەلام‌و ڕەزای خوایان لێبێت)، چونکە کردارو گفتارەکانیان یەکەو ئەوەی، کە بە زمان داوای دەکەن بە کردەوەش هەوڵی بۆ دەدەن، خوای گەورەش بە ڕەحم‌و میهرەبانی خۆی لەم کۆمەڵەمان بگێڕێت‌و لەگەڵ ئەواندا لە بەهەشتدا کۆمان بکاتەوە.

خوای گەورەو میهرەبان دەفـەرمووێت: ﴿وَنُودُوٓاْ أَن تِلۡكُمُ ٱلۡجَنَّةُ أُورِثۡتُمُوهَا بِمَا كُنتُمۡ تَعۡمَلُونَ ٤٣﴾[1].

واتـە: بانگی باوەڕداران دەكرێت لــە ڕۆژی قیامەتداو پێیـان دووترێـت: ئــەم بەهەشـتانەی، كـــە ئێـوە دەچـنە ناویـەوەو دەسـتتان كـەوتووە، بەهۆی كردەوە چاكەكانی دونیاتانەوەیە.

خوای پەروەردگار بە ئەهلی بەهەشـت دەفـەرمووێت: بڕۆنـە بەهەشـتەوە (بِمَا كُنتُم تعمَلُون) بەهۆی كردەوە چاكەكانتەوە، پێیان نافەرمووێت: بڕۆنە بەهەشتەوە (بِمَا كُنتُم تَقُولُون) بەهۆی قسەكانتانەوە.

سوێند بەخوای گەورەو میهرەبان، گەر كەسێك تـەنها لـە تەفسـیری ئـەم سوورەتە پیرۆزە تێبگات، ئەوە بەهیچ شێوەیەك نزیكی بیدعەو گـومڕایی نابێتەوە، چونكە خوای پەروەردگار بــە ئایـەتی ﴿ٱهۡدِنَا ٱلصِّرَٰطَ ٱلۡمُسۡتَقِيمَ ٦﴾ فێـری ئـەوەمان دەكـات، كـە هـەموو كاتێـك لێـی بپاڕێینـەوەو داوای ئەوەی لێبكەین، كـە بمانخاتـە سـەر ڕێگـای ڕاسـت، بـێ گومـان ڕۆیشـتن لەسـەر بیدعـەو گـومڕایی ڕۆیشـتن نییـە لەسـەر ڕێگـای ڕاسـت، بـەڵكو

---

(١) سُورَةُ (الأَعرَاف) الآيَة: (٤٣).

پێچەوانەی ڕێگای ڕاستە، کەواتە بەدەم داوای ڕێگای ڕاست مەکەو بە کردەوەش پێچەوانەی قسەکەت بکەیت، بەڵکو هەوڵبدە بە ویستی خوای پەروەردگار، کە کردارو گفتارت یەك بێتو یەك بەڕاست بخەنەوە.

بێ گومان خوێندنی سوورەتی پیرۆزی فاتیحە بۆ مردوو، ئیتر لە تەعزیۆو گۆڕستاندا بێت، یا لە هەر جێگایەکی تردا بێت بیدعەیەو پێچەوانەی قورئانو سوننەتە، چونکە نە پێغەمبەری خۆشەویست (ﷺ) نە هاوەڵە بەڕێزەکانیشی (ڕەزای خوایان لێبێت) ئەم کارەیان نەکردووەو فەرمانیشیان پێ نەکردووە.

دایکی باوەڕداران (عَائِشَة)[1] (ڕەزای خوای لێبێت) دەفەرمووێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: {مَنْ عَمِلَ عَمَلاً لَيْسَ عَلَيْهِ أَمْرُنَا فَهْوَ رَدٌّ}[2].

واتە: هەر کەسێك کردەوەیەك ئەنجام بداتو بە عیبادەتو خێرو چاکەی بزانێت، بەڵام ئەو کردەوەیە، فەرمانی ئێمەی لەسەر نەبێت،

---

(١) لە ساڵی (٥٧)ی کۆچیدا لە شاری مەدینە وەفاتی کردووە (ڕەزای خوای لێبێت).
(٢) حَدِيثٌ صَحِيحٌ: أَخْرَجَهُ الإِمَامُ مُسْلِم (رَحِمَهُ الله) فِي (صَحيحِهِ) بِرَقَم (٤٥٩٠).

ئەوە ئەو کردەوەیە وەرناگیرێت‌و ڕەد دەکرێتەوەو بەسەر خاوەنەکەیدا دەدرێتەوە.

ئەم فەرموودە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی، کە بیدعەو گومڕایی لە ئاینی پیرۆزی ئیسلامدا نییە، بێ گومان تەنها قورئانی پیرۆزو سوننەتەکانی پێغەمبەری خۆشەویست (ﷺ) بەسن بۆ ئەوەی، کە پەیڕەوی بکرێن، نەك بیدعەو گومڕایی.

## پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە گۆڕستاندا چی فەرمووە؟

دایکی باوەڕداران (عَائِشَة) (ڕەزای خوای لێبێت) دەفەرمووێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: {... فَقَالَ إِنَّ رَبَّكَ يَأْمُرُكَ أَنْ تَأْتِيَ أَهْلَ الْبَقِيعِ فَتَسْتَغْفِرَ لَهُمْ. قَالَتْ قُلْتُ كَيْفَ أَقُولُ لَهُمْ يَا رَسُولَ اللَّهِ قَالَ : قُولِي السَّلاَمُ عَلَى أَهْلِ الدِّيَارِ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ وَالْمُسْلِمِينَ وَيَرْحَمُ اللَّهُ الْمُسْتَقْدِمِينَ مِنَّا وَالْمُسْتَأْخِرِينَ وَإِنَّا إِنْ شَاءَ اللَّهُ بِكُمْ لَلاَحِقُونَ}[١].

واتە: (جِبْرِيلَ) (سەلامی خوای لەسەر بێت) هات بۆ لام‌و پێمی فەرموو: بەڕاستی پەروەردگارت فەرمانت پێ دەکات، کە بڕۆیت بۆ گۆڕستانی

(١) حَدِيثٌ صَحِيحٌ: أَخْرَجَهُ الإِمَامُ مُسْلِم (رَحِمَهُ الله) فِي (صَحِيحِهِ) بِرَقَم (٢٣٠١).

بەقیعو داوای لێخۆشبوونیان بۆ بکەیت، لە خوای گەورە، دایکمان (عَائِشَة) (ڕەزای خوای لێبێت) دەفەرموویێت ووتم: کاتێك، کە سەردانی گۆڕستانم کرد چی بڵێم پێیان ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)؟

پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: بڵێ: {السَّلاَمُ عَلَى أَهْلِ الدِّيَارِ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ وَالْمُسْلِمِينَ، وَيَرْحَمُ اللَّهُ الْمُسْتَقْدِمِينَ مِنَّا وَالْمُسْتَأْخِرِينَ، وَإِنَّا إِنْ شَاءَ اللَّهُ بِكُمْ لَلاَحِقُونَ}.

واتە: سەلامی خواتان لەسەر بێت ئەی خەڵکی شار، ئەوانەتان، کە باوەڕدارو موسوڵمانن، خوای گەورە ڕەحم بکات بەوانەمان، کە پێشمان کەوتوونەو مردوونەو بەوانەشمان، کە هێشتا نەمردوونەو لە ژیاندان، (إِنْ شَاءَ اللَّهُ) ئێمەش بەدوای ئێوەدا دێین.

خوشكو برای بەڕێزو خۆشەویستم، ئەمەی، کە لەم فەرموودە پیرۆزەدا هاتووە، تەنها شتێکە، کە سوننەتی پێغەمبەری خۆشەویستەو (ﷺ) دروستو حەقە، کە لە گۆڕستاندا ئەنجام بدرێتو بکرێت، کاتێك، کە دایکمان (عَائِشَة) (ڕەزای خوای لێبێت)

بە پێغەمبەری خۆشەویستی (ﷺ) فەرموو: کاتێك، کە چووم بۆ گۆڕستان چی شتێك باشە، کە بیڵێم؟

پێغەمبەری خۆشەویست (ﷺ) فێری کرد، کە ئەم دوعایە بخوێنێت، پێی نەفەرموو بڵێ: (الْفَاتِحَة).

بێ گومان هیچ کەسێك لە پێغەمبەری خۆشەویست (ﷺ) خواناسترو زاناتر نییەو هیچ کەسێکیش نییە، کە بە ئەندازەی ئەو (ﷺ) فەزڵو گەورەیی سوورەتی (الْفَاتِحَة) بزانێت، بەڵام خوێندنی ئەم سوورەتە پیرۆزە لە گۆڕستانو تەعزێدا نەخوێناویەتیو نەفێری ئێمەشی کردووە، کە لەو جێگایانەدا بیخوێنین (ﷺ).

ئیمامی (سُلَيْمَان)ی کوڕی (بُرَيْدَة)[1] (ڕەحمەتی خوای لێبێت) لە (بُرَيْدَة)[2]ی باوکیەوە (ڕەزای خوای لێبێت) دەگێڕێتەوە، کە فەرموویەتی: {كَانَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) يُعَلِّمُهُمْ إِذَا خَرَجُوا إِلَى الْمَقَابِرِ فَكَانَ

---

(١) لە ساڵی (١٠٥)ی کۆچیدا لە تەمەنی (٩٠) ساڵیدا وەفاتی کردووە (ڕەحمەتی خوای لێبێت).

(٢) لە ساڵی (٦٣)ی کۆچیدا وەفاتی کردووە (ڕەزای خوای گەورەی لێبێت).

قَائِلُهُمْ يَقُولُ: السَّلَامُ عَلَيْكُمْ أَهْلَ الدِّيَارِ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ وَالْمُسْلِمِينَ، وَإِنَّا إِنْ شَاءَ اللَّهُ لَلَاحِقُونَ أَسْأَلُ اللَّهَ لَنَا وَلَكُمُ الْعَافِيَةَ}[١].

واتە: پێغەمبەری خوا (ﷺ) هاوەڵانی (ڕەزای خوایان لێبێت) فێری ئەوە دەکرد، کە کاتێك ڕۆیشتن بۆ گۆڕستان بڵێن: {السَّلَامُ عَلَيْكُمْ أَهْلَ الدِّيَارِ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ وَالْمُسْلِمِينَ، وَإِنَّا إِنْ شَاءَ اللَّهُ لَلَاحِقُونَ أَسْأَلُ اللَّهَ لَنَا وَلَكُمُ الْعَافِيَةَ}.

واتە: سەلامی خواتان لەسەر بێت ئەی خەڵکی شار، ئەوانەتان، کە باوەڕدارو موسوڵمانن، ئێمەش (إِنْ شَاءَ اللَّهُ) بەدوای ئێوەدا دێین و پێتان دەگەین، داواکارم لە خوای گەورە، کە لە ئێمەو ئێوەش خۆش بێت.

تەماشاکەن ئەم هاوەڵە خۆشەویستە (ڕەزای خوای لێبێت) دەفەرمووێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) هاوەڵانی (ڕەزای خوایان لێبێت) فێری ئەوە دەکرد، کە کاتێك ڕۆیشتن بۆ گۆڕستان ئەم دوعایە بڵێن، نەیفەرموو: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فێری ئەوەیانی نەکرد، کە لە گۆڕستاندا بڵێن: (الْفَاتِحَة).

(١) حَدِيثٌ صَحِيحٌ: أَخْرَجَهُ الإِمَامُ مُسْلِم (رَحِمَهُ الله) فِي (صَحِيحِهِ) بِرَقَم (٢٣٠٢).

کەواتە خوێندنی ئەم دوعایانە سوننەتەو خوێندنی سوورەتی فاتیحە پێچەوانەی سوننەتەو بیدعەیە.

## پێویستە پەنا بگرین بە خوا لە ڕێگای چەوت و چێڵ

٩ـ فەرموودەی خوای گەورە: ﴿غَيۡرِ ٱلۡمَغۡضُوبِ عَلَيۡهِمۡ وَلَا ٱلضَّآلِّينَ ٧﴾ بەڵگەیە لەسەر ئەوەی، کە دروستەو پێویستیشە لەسەر هەموو باوەڕدارێك، کە لە هەموو کاتێکدا، پەنا بگرێت بە خوای گەورەو میهرەبان، لە هەموو بەرنامەو ڕێبازێك، کە پێچەوانەی ئاینی پیرۆزی ئیسلام بێت.

خوشك و برای بەڕێزو خۆشەویستم تۆ لەهەموو نوێژەکانتدا لە پەروەردگارت دەپاڕێیتەوە، کە نەتخاتە سەر ڕێگاو ڕێبازی گاورو جوولەکەکان، دەی کەواتە خۆت مەشوبهێنە بەوان و خۆت بپارێزە لەو کردارو گفتارانەیان، کە پێچەوانەی دەقی قورئانی پیرۆزو فەرموودە ڕاستەکانی پیغەمبەرە خۆشەویستەکەتە (ﷺ).

هاوەڵی زۆر خۆشەویست (عَدِيّ)ی کوڕی (حَاتِم)[1] (ڕەزای خـوای لێبێـت) دەفەرمووێت: پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) فـەرمووی: {إِنَّ الْمَغْضُوبَ عَلَيْهِمْ الْيَهُودُ، وَالضَّالِّينَ النَّصَارَى}[2].

واتـە: ئـەو کەسـانەی، کـە پـەروەردگار غـەزەبی لێگرتـوون بـریتین لـە: جوولەکەکانو ئەو کەسانەشی، کە گـومڕاو سـەرلێ شـێواون بـریتین لــە: گاورەکان.

بەڵام بـەداخەوە ئێمە بـە زمان پەنا دەگرین بە خوای گـەورەو میهرەبـان لەوەی، کە نەمانخاتە سەر ڕێگای گاورو جوولەکەکانو بە دورمـان بکـات لـە کـردارو گفتارەکانیـان، بـەڵام وەك کـردەوە لـە زۆر شـتدا چـاو لـەوان دەکەینو وەك ئەوان دەکـەینو هـەنگاو بـە هـەنگاو شـوێنیان دەکـەوین،

---

(١) لـە سالی (٦٧ یا ٦٨)ی کۆچیدا لـە تـەمـەنی (١٢٠) ساڵیدا وەفاتی کردووە (ڕەزای خوای لێبێت).

(٢) حَدِيثٌ صَحِيحٌ: أَخْرَجَهُ الإِمَامُ أَحْمَد (رَحِمَهُ الله) فِي (مُسْنَدِهِ) بِرَقَم (١٥٦٧٠). وَالإِمَامُ ابنُ حِبَّانَ (رَحِمَهُ الله) فِي (صَحِيحِهِ) بِرَقَم (٦٢٤٦) وَقَالَ مُحَقِّقُهُ الشَّيخُ شُعَيْبُ الأَرْنَؤُوط: حَدِيثٌ حَسَنٌ لِغَيْرِهِ. وَصَحَّحهُ الشَّيخ أَحْمَد شَاكِر (رَحِمَهُ الله) فِي تَعْلِيقِهِ عَلى (تَفْسِيرِ الطَّبَرِي) (١/١٨٥). وَصَحَّحَهُ إِمَامُنَا الأَلْبَانِي (رَحِمَهُ الله) فِي (سِلسِلَةِ الأَحَادِيثِ الصَّحِيحَة) بِرَقَم (٣٢٦٣).

مەگەر کەسێکمان خوای پەروەردگار ڕەحمی لێ کردبێتو لە شەڕی شەیتانو شوێنکەوتووانی پاراستبێتی.

ئایا سەر ڕووتیو ڕووتو قوتیو لەبەر کردنی جلو بەرگی تەسكو تەنك، لەلایەن ئافرەتانو پیاوانەوە بریتی نییە لە شوێن کەوتنی گاورو جوولەکەکان؟

ئایا دانانی قەنافزو حەفر کردنو ملوانکە لە مل کردنو گوارە لە گوێ کردن، لەلایەن پیاوانەوە، بریتی نییە لە شوێنکەوتنی گاورو جوولەکە؟

هەر مۆدیلێکی ناشەرعی لە وولاتە بێ باوەڕەکانەوە دەربچێت، بەداخەوە یەکسەر لای ئێمە جێبەجێ دەکرێتو دەکەوێتە بازاڕەکانمانەوەو لەلایەن موسولمانی بێ ئاگاو حەرام خۆرو گوێ بە قیامەت نەدەرەوە دەفرۆشرێتو دەکەوێتە ماڵەکانمانەوە.

ئیمامی (أَبُو هُرَيْرَةَ) (ڕەزای خوای لێبێت) دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: {إِذَا قَالَ الإِمَامُ ( غَيْرِ الْمَغْضُوبِ عَلَيْهِمْ وَلاَ الضَّالِّينَ ) فَقُولُوا آمِينَ، فَإِنَّهُ مَنْ وَافَقَ قَوْلُهُ، قَوْلَ الْمَلاَئِكَةِ، غُفِرَ لَهُ مَا تَقَدَّمَ مِنْ ذَنْبِهِ}[١].

(١) حَدِيثٌ صَحِيحٌ: أَخْرَجَهُ الإِمَامُ الْبُخَارِي (رَحِمَهُ الله) فِي (صَحِيحِهِ) بِرَقَم (٧٨٢). الإِمَامُ مُسْلِمٌ

واتـــە: کـاتێك، کـــە پێش نوێژ (الإِمَام) لـە ناو نوێژدا

ووتــی: (غَيْرِ الْمَغْضُوبِ عَلَيْهِمْ وَلاَ الضَّالِّينَ)، ئێوەش بڵێن: (آمِين).

واتە: خوایە گیان دوعاو پاڕانـەوەمان قـەبوول کـە، چونکە لـەو کاتـەدا مەلائیکەکان دەڵێن: (آمِين)، جا هەر کەسێك ئامینەکـەی لـەگەڵ ئـامینی مەلائیکەدا یەك بگرێـتو جـووت بێـت، ئـەوە بـێ گومـان خـوای گـەورەو میهرەبان، لـە هەموو گوناهو تاوانە بچووکەکانی پێشووی خۆش دەبێت.

## زەیدی کوڕی عەمر بەدوای ئاینی حەقدا دەگەڕێت

هاوەڵی خۆشەویست (عَبْدُ الله)ی کـوڕی (عُمَر)[1] (ڕەزای خوایـان لێبێـت) دەفـەرموویـت: (أَنَّ زَيْدَ بْنَ عَمْرِو بْنِ نُفَيْلٍ خَرَجَ إِلَى الشَّامِ، يَسْأَلُ عَنِ الدِّينِ وَيَتْبَعُهُ فَلَقِيَ عَالِمًا مِنَ الْيَهُودِ، فَسَأَلَهُ عَنْ دِينِهِمْ فَقَالَ إِنِّي لَعَلِّي أَنْ أَدِينَ دِينَكُمْ ، فَأَخْبِرْنِي فَقَالَ لاَ تَكُونُ عَلَى دِينِنَا حَتَّى تَأْخُذَ بِنَصِيبِكَ مِنْ غَضَبِ اللَّهِ. قَالَ زَيْدٌ مَا أَفِرُّ إِلاَّ مِنْ غَضَبِ اللَّهِ، وَلاَ أَحْمِلُ مِنْ غَضَبِ اللَّهِ شَيْئًا أَبَدًا ، وَأَنَّى أَسْتَطِيعُهُ فَهَلْ تَدُلُّنِي عَلَى غَيْرِهِ؟ قَالَ مَا أَعْلَمُهُ إِلاَّ أَنْ يَكُونَ حَنِيفًا. قَالَ زَيْدٌ: وَمَا الْحَنِيفُ؟ قَالَ دِينُ إِبْرَاهِيمَ لَمْ يَكُنْ يَهُودِيًّا، وَلاَ نَصْرَانِيًّا، وَلاَ يَعْبُدُ إِلاَّ اللَّهَ. فَخَرَجَ زَيْدٌ فَلَقِيَ

---

(رَحِمَهُ الله) فِي (صَحيحِهِ) بِرَقَم (٩٤٢).

[1] لـە ساڵی (٧١ یا ٧٣)ی کۆچیدا وەفاتی کردووە (ڕەزای خوای پەروەردگاری لێبێت).

عَالِمًا مِنَ النَّصَارَى، فَذَكَرَ مِثْلَهُ، فَقَالَ لَنْ تَكُونَ عَلَى دِينِنَا حَتَّى تَأْخُذَ بِنَصِيبِكَ مِنْ لَعْنَةِ اللَّهِ. قَالَ مَا أَفِرُّ إِلاَّ مِنْ لَعْنَةِ اللَّهِ، وَلاَ أَحْمِلُ مِنْ لَعْنَةِ اللَّهِ وَلاَ مِنْ غَضَبِهِ شَيْئًا أَبَدًا، وَأَنَّى أَسْتَطِيعُ فَهَلْ تَدُلُّنِي عَلَى غَيْرِهِ، قَالَ: مَا أَعْلَمُهُ إِلاَّ أَنْ يَكُونَ حَنِيفًا. قَالَ: وَمَا الْحَنِيفُ ؟ قَالَ : دِينُ إِبْرَاهِيمَ، لَمْ يَكُنْ يَهُودِيًّا، وَلاَ نَصْرَانِيًّا وَلاَ يَعْبُدُ إِلاَّ اللَّهَ . فَلَمَّا رَأَى زَيْدٌ قَوْلَهُمْ فِي إِبْرَاهِيمَ (عَلَيْهِ السَّلاَمُ) خَرَجَ ، فَلَمَّا بَرَزَ رَفَعَ يَدَيْهِ فَقَالَ اللَّهُمَّ إِنِّي أَشْهَدُ أَنِّي عَلَى دِينِ إِبْرَاهِيمَ)[١].

**واتە: (زَيْد)ی کوڕی (عَمْرو)ی کوڕی (نُفَيْل)[٢] (ڕەحمەتی خوای لێبێت) دەرچوو بۆ وڵاتی شام، پرسیاری ئاینی دەکرد، بۆ ئەوەی ئاینێکی حەق بدۆزێتەوەو شوێنی بکەوێت، گەیشت بە زانایەکی جوولەکەو پرسیاری ئاینەکەیانی کردوو فەرمووی: پێناسەی ئاینەکەتانم بۆ بکە، بەڵکو ئاینەکەتانم بە دڵ بێتو باوەڕی پێ بهێنم، زانا جوولەکەکە ووتی: ناتوانیت بێیتە سەر ئاینەکەمانو ببیتە هەڵگری ئاینەکەمان، هەتا بەشێك لە توڕەیيو غەزەبی خوا بەدەست نەهێنیتو بۆ خۆتی مسۆگەر**

---

(١) وەفاتی کرد پێش ئەوەی، کە وەحی بۆ پێغەمبەری خۆشەویست (ﷺ) دابەزێت (ڕەحمەتی خوای لێبێت).

(٢) أَثَرٌ صَحِيحٌ: أَخْرَجَهُ الإِمَامُ الْبُخَارِي (رَحِمَهُ الله) فِي (صَحِيحِهِ) بِرَقَم (٣٨٢٧).

نەکەیت، (زَيْد)ی کوڕی (عَمْرو) فەرمووی: من بۆیە بە دوای ئاینێکی پاکدا دەگەڕێم، تا لە غەزەبی خوای گەورە بەدوور بم، بێ گومان من لە تووڕەیی‌و غەزەبی خوای پەروەردگارم ڕادەکەم‌و ئامادە نیم خۆم دووچاری تووڕەیی خوای گەورە بکەم، چۆن دەتوانم تەحەمولی غەزەبی خوای گەورە بکەم؟

(زَيْد)ی کوڕی (عَمْرو) (ڕەحمەتی خوای لێبێت) بە زانا جوولەکەکەی فەرموو: ئایا ئاینێ ترم نیشان نادەیت، جگە لە ئاینەکەی خۆتان، زانا جوولەکەکە ووتی: هیچ ئاینێك نازانم‌و شك نابەم، مەگەر ئەو ئاینەی، کە دوورە لە بت پەرستی‌و شەریك بۆ خوا بڕیاردان، (زَيْد)ی کوڕی (عَمْرو) فەرمووی: ئەم ئاینە چ ئاینێکە بۆم پێناسە بکە، زانا جوولەکەکە ووتی: مەبەستم ئاینی ئیبراهیم پێغەمبەرە (سەلامی خوای لەسەر بێت)، کە نە ئاینی جوولەکەیە‌و نە ئاینی گاورە، بەڵکو ئەم ئاینە بریتییە لە ئەوەی، کە دەبێت عیبادەت تەنها بۆ خوای گەورە‌و میهرەبان بکرێت.

(زَيْد)ی کوڕی (عَمْرو) (ڕەزای خوای لێبێت) لای زانا جولەکەکە هەستاو ڕۆیشت، گەیشت بە زانایەکی گاور، ووتی: پێناسەی ئاینەکەتانم بۆ بکە،

بەڵکو ئاینەکەتانم بە دڵ بێتو باوەڕی پێ بهێنمو شوێنی بکەوم، زانا گاورەکە ووتی: ناتوانیت بێیتە سەر ئاینەکەمانو ببیتە هەڵگری ئاینەکەمان، هەتا بەشێك لە نەفرینو لەعنەتی خوای گەورە بۆ خۆت مسۆگەر نەکەیتو بەدەستی نەهێنیت، (زَيْد)ی کوڕی (عَمْرو) (ڕەحمەتی خوای لێبێت) فەرمووی: من بۆیە بە دوای ئاینێکی پاکدا دەگەڕێم، تا لە لەعنەتی خوای پەروەردگار بە دوور بم، بێ گومان من لە نەفرینو لەعنەتی خوای گەورە ڕادەکەمو ئامادە نیم خۆم دووچاری نەفرینو لەعنەتی خوای پەروەردگار بکەم، چۆن دەتوانم تەحەمولی نەفرینو لەعنەتی خوای گەورەو میهرەبان بکەم؟

(زَيْد)ی کوڕی (عَمْرو) بە زانا گاورەکەی فەرموو: ئایا ئاینێ ترم نیشان نادەیت، جگە لە ئاینەکەی خۆتان، زانا گاورەکە ووتی: هیچ ئاینێك نازانمو شك نابەم، جگە لەو ئاینەی، کە دوورە لە بت پەرستیو شەریك بۆ خوا بڕیاردان، (زَيْد)ی کوڕی (عَمْرو) (ڕەحمەتی خوای لێبێت) فەرمووی: ئەم ئاینە، چ ئاینێکە بۆم پێناسە بکە، زانا گاورەکە ووتی: مەبەستم ئاینی ئیبراهیم پێغەمبەرە (سەلامی خوای لەسەر بێت)، کە نە ئاینی جوولەکەیەو نە ئاینی گاورە، بەڵکو ئەم ئاینە، بریتییە

لەوەی، کە دەبێت هەموو عیبادەتو خواپەرستییەك، تەنها بۆ زاتی پیرۆزی خوای گەورە بکرێتو ئەنجام بدرێت.

(زَیْد)ی کوڕی (عَمْرو) (ڕەحمەتی خوای لێبێت) کاتێك، کە قسەی ئەم دوو زانایەی بینیو بیستی سەبارەت بە ئاینی پیرۆزی ئیبراهیم پێغەمبەر (سەلامی خوای لەسەر بێت) ڕۆیشتو ئەمجا هەردوو دەستی بەرز کردەوەو فەرمووی: خوایە گیان ئەوە من شایەتی دەدەم بەوەی، کە لەسەر ئاینی ئیبراهیم پێغەمبەرم (سەلامی خوای لەسەر بێت).

تەماشاکەن گاورو جوولەکەکان چۆن خۆیان دان بەوەدا دەنێن، کە خوای گەورەو میهرەبان توڕەییو غەزەبی لێیان گرتووەو لەعنەتی لێیان کردووە، لەگەڵ ئەمەشدا دەیانەوێت ئەو کەسەشی، کە شوێنی ئاینەکەیان بکەوێت بیکەنە قوڕاو غەزەبو لەعنەتی پەروەردگاری بۆ مسۆگەر بکەنو زەرەرمەندی هەردوو جیهانی بکەن.

ئەبێت چ کاتو ساتێك موسوڵمانان وریا ببنەوەو دۆستو دوژمنی خۆیان بناسنو لەیەکیان جیا بکەنەوە؟

## دوو ڕێگا هەیە ڕێگای ڕاستو ڕێگای چەوتو چێڵ

٩ــــ فـەرموودەی خـوای گـەورەو میهرەبـان: ﴿ صِرَٰطَ ٱلَّذِينَ أَنۡعَمۡتَ عَلَيۡهِمۡ غَيۡرِ ٱلۡمَغۡضُوبِ عَلَيۡهِمۡ وَلَا ٱلضَّآلِّينَ ٧ ﴾ بەڵگەیە لەسەر ئەوەی، کە ڕێگا دەبێتە دوو بەشەوە: ڕێگای ڕاستو دروست، هەروەها ڕێگای لارو چەوتو چێڵ، جا ئەو ڕێگایەی، کە لەگەڵ حەقو ڕاستیدا بگونجێت، ئەوە ڕێگای ڕاستە، ئەو ڕێگایەشی پێچەوانەی حەقو ڕاستی بێت، ئەوە ڕێگای چەوتو چێڵە[1].

خوای پەروەردگار دەفەرموویت: ﴿وَأَنَّ هَٰذَا صِرَٰطِي مُسۡتَقِيمٗا فَٱتَّبِعُوهُۖ وَلَا تَتَّبِعُواْ ٱلسُّبُلَ فَتَفَرَّقَ بِكُمۡ عَن سَبِيلِهِۦۚ ذَٰلِكُمۡ وَصَّىٰكُم بِهِۦ لَعَلَّكُمۡ تَتَّقُونَ ١٥٣ ﴾[2].

واتە: ئەم ئاینی پیرۆزی ئیسلامە ڕێگای ڕاستی منە ئێوەش شوێنی بکەونو پەیڕەوی بکەنو شوێنی ڕێچکەو توولە ڕێگاکان مەکەون، کە پێچەوانەی ئاینی پیرۆزی ئیسلامن، گەر شوێنی ئەو ڕێچکەو توولە ڕێگایانە بکەون، لە ئاینی پیرۆزی ئیسلام دوورتان دەخاتەوەو

---

(١) تەفسیری پێشەوای خۆشەویست (مُحَمَّد)ی کوڕی (صَالِحِ العُثَيْمِين) (٢/١٠) (ڕەحمەتی خوای لێبێت).

(٢) سُورَةُ (الْأَنعَام) الآيَة: (١٥٣).

سەرگەردانتان دەكات، ئەمە ئامۆژگاریو وەسیەتی خوای گەورەیە بۆ ئێوە، بە ئومێدی ئەوەی، كە لێی بترسنو فەرمانەكانی جێبەجێ بكەن.

خوای گەورەو میهرەبان، ئامۆژگاریمان دەكات بەوەی، كە لەسەر ڕێگای ڕاست بڕۆین.

خوشكو برای بەڕێزم، ئاگاداری خۆت بەو لەسەر ڕێگای ڕاست بڕۆو ئەم لاو ئەولا مەكە، چونكە ڕێگای ڕاست یەكەو نابێت بە دوو، نەكەی شتانێك بكەیت بە ناوی ئاینی پیرۆزی ئیسلامەوە، بەڵام لە ئاینی پیرۆزی ئیسلامدا حەرام كراوەو ڕێی پێنەدراوە.

بۆ نموونە: گەر بیدعەو شتە داهێنراوەكان كارێكی پیرۆزو دروستو عیبادەت بوایە، ئەوە بێ گومان پێغەمبەری خۆشەویست (ﷺ) بۆمانی ڕوون دەكردەوەو فەرمانی پێمان دەكرد بە كردنی، هەروەك چۆن فەرمانی پێمان كردووە، بە كردنی هەموو كارێكی خێرو چاك.

ئەمە لەلایەكەوە لەلایەكی ترەوە دەبینیت هەر كەسێك بانگەشەی حەقو ڕاستی بۆ خۆی دەكاتو بەرامبەرەكەی بە ناحەق دەزانێتو گومڕای دەكات، ئایا خەڵكی داماو شوێنی كام كۆمەڵو جەماعەت بكەونو

بەرنامەو پرۆگرامی کام کۆمەڵو جەماعەت پەیڕەو بکەنو شوێنی بکەون لە کاتێکدا هەموویان دەڵێن ئێمە حەقینو لەسەر حەق دەڕۆین؟

پێشەوای خۆشەویست (أَبُو بَكْر)ي (الْمَرُّوْذِيّ)[1] (ڕەحمەتی خوای لێبێت) دەفەرموێت: (قُلْتُ لأَبِي عَبْدِ اللهِ: مَنْ مَاتَ عَلَى الإِسْلاَمِ وَالسُّنَّةِ، مَاتَ عَلَى خَيْرٍ؟ فَقَالَ: اسكتْ، بَلْ مَاتَ عَلَى الخَيْرِ كُلِّهِ.)[2].

واتە: بە ئیمامی (أَحْمَد)ی کوڕی (حَنْبَل)[3]م (ڕەحمەتی خوای لێبێت) ووت: ئایا کەسێك لەسەر ئیسلامو سوننەت بمرێت، لەسەر خێرو چاکە دەمرێت؟

ئیمامی (أَحْمَد) (ڕەحمەتی خوای لێبێت) فەرمووی: بێدەنگبە ئەوە چی دەڵێیت، بێگومان ئەو کەسەی لەسەر ئیسلامو سوننەت بمرێت، ئەوە لەسەر هەموو خێرو چاکەیەك مردووە.

وَصَلَّى اللَّهُ عَلَى مُحَمَّدٍ خَاتَمِ النَّبِيِّينَ وَعَلَى جَمِيعِ الْأَنْبِيَاءِ وَالْمُرْسَلِينَ.

---

(١) لە ساڵی (٢٠٠)ی کۆچیدا لە دایك بووە لە ساڵی (٢٧٥)ی کۆچیدا لە تەمەنی (٧٥) ساڵیدا وەفاتی کردووە (ڕەحمەتی خوای لێبێت).

(٢) (تاريخ دمشق) (٤٧٩/٥) وە (سير أعلام النُّبَلاء) (٢٩٦/١١) وە (ترجمة الأئمة الأربعة) (٣٣١/١).

(٣) لە ساڵی (١٦٤)ی کۆچیدا لە شاری بەغداد لە دایك بووە لە ساڵی (٢٤١)ی کۆچیدا لە تەمەنی (٧٧) ساڵیدا لە بەغداد وەفاتی کردووە (ڕەحمەتی خوای لێبێت)

# ناوەرۆك

پێشەکی ........................................................ ٣

فەزڵ و گەورەیی سوورەتی (الفَاتِحَة) ................................ ١٠

تەفسیری سوورەتی (الفَاتِحَة) ..................................... ١٤

پێویستە لـەسەرمان سوپاسی پەروەردگارمان بکەین ................. ١٧

پاداشتی سوپاس کردنی خوای پەروەردگار ........................... ١٩

بەخشندەیی و میهرەبانی دوو ناوی پیرۆزی خوان ...................... ٢٢

جیاوازی نێوان (الرَّحْمَن) و (الرَّحِيم) .................................... ٢٣

لـە پاشەڕۆژدا جگە لـە خوا کەس دەسەڵاتی نییە ..................... ٢٨

پێویستە عیبادەت تەنها بۆ خوا ئەنجام بدرێت ......................... ٣٢

تەنها داوای یارمەتی لـە پەروەردگارت بکە .......................... ٣٥

پێویستە لـەسەرمان بـە دوای ڕێگای ڕاستدا بگەڕێین .................. ٣٨

جـــۆرەکـــانی هیدایـــەت ........................................... ٤٢

دروستە باوەڕدار داوای شتی باش و گەورە لە خوا بکات .................. ٤٦

باوەڕداری ڕاستەقینە نابێت بـــە کردەوەکانی پێچەوانەی قسەکانی بکات ........................................................................ ٥١

پێغەمبـەری خوا (ﷺ) لە گۆڕستاندا چی فەرمووە؟ .................... ٥٥

پێویستە پەنا بگرین بە خوا لە ڕێگای چەوت و چێڵ.................... ٥٩

زەیدی کوڕی عەمر بەدوای ئاینی حەقدا دەگەڕێت ...................... ٦٢

دوو ڕێگا هەیە ڕێگای ڕاست و ڕێگای چەوت و چێڵ....................... ٦٧